ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# مێژوو و ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا

## (کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان)

ئا. بەهمەن ئەحمەد



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

تشرینی دووەمی ٢٠١٨

# مێژوو و ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا
## (کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان)

**ئامادەکردنی بەهمەن ئەحمەد**

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
تشرینی دووەمی ٢٠١٨

## پێڕست


پێشەکی ........................................ ٥

مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا لەسەرەدمی پادشایەتیدا ( ١٩٢٥-١٩٧٩ ) ........................................ ٧

پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و ئێران لەسەردەمی پادشایەتی پەهلەویدا ........................................ ٧

دوورخستنەوە سەرۆك وەزیرانی ئێران لەرێگای کودەتاوە ( ٢٠ ی ئابی ١٩٥٣ ) ........................................ ١١

رێککەوتنامەی ئەتۆمی نێوان ئەمەریکاو ئێران ( ٥ ی ئازاری ١٩٥٧ ) ........................................ ١١

سەردانی فەرمی دەوڵەتی پادشایی بۆ ئەمەریکا ( ١١ی ئەپرلی ١٩٦٢ ) ........................................ ١١

واژۆکردنی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و سنوردارکردنی چەکی ئەتۆمی ( تەموزی ١٩٦٨ ) ........................................ ١٢

کردنەوەی دەرگای تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی بەرووی ئێراندا ( ١٥ی ئایاری ١٩٧٥ ) ........................................ ١٢

سەردانی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ ئێران ( ٣١ی دیسەمبەری ١٩٧٧ ) ........................................ ١٣

روخانی رژێمی پاشایەتی و کاردانەوەی ئەمەریکا (١٦ی کانونی دووەم ١٩٧٩ ) ........................................ ١٣

هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دوو وێستگەی ئەتۆمی ( ٢٩ی کانونی دووەم ١٩٧٩ ) ........................................ ١٣

گەڕانەوەی خومەینی و سەرەتای دروستبوونی کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا (شوباتی ١٩٧٩ ) ........................................ ١٤

داواکاری رادەستکردنەوەی شا و دەسپێکی ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا ( ٤ی نۆڤەمبەر ١٩٧٩ ) ........................................ ١٤

قەیرانی بەبارمتەگیراوەکان و کاردانەوەی ئەمەریکا (١٤ی شوباتی ١٩٧٩ ) ........................................ ١٥

کاردانەوەی ئیدارەی کارتەر ( ١٩٨٠ ) ........................................ ١٧

ئازادکردنی بەشێك لە بەبارمتەگیراوەکان ( ١٩ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ ) ........................................ ١٧

هەوڵێکی شکستخواردوی ئیدارەی کارتەر ( ٢٤ ی نیسانی ١٩٨٠ ) ........................................ ١٨

مردنی شا، شەڕی ئێران-عێراق، دەستپێکردنی سزا ئابورییەکان ( ٢٧ ی تەموزی ١٩٨٠ ) ........................................ ١٩

رێککەوتنی کۆتایی و ئازادکردنی بەبارمتەگیراوەکان (٢١ی کانونی دووەمی ١٩٨١ ) ........................................ ٢٠

کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی (١٩٧٩) لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران ........................................ ٢١

جەنگی ئێران- عێراق و رۆڵی ئەمەریکا (١٩٨٠-١٩٨٨) ........................................ ٢٣

فرۆشتنی چەك بە ئێران و یاخیبوانی نیکاراگوای ( ١٩٨٤ ) ........................................ ٢٦

هەوڵی سەرپێخستنی بەرنامەی ئەتۆمی و کاردانەوەی ئەمەریکا (٢٠٠٥) ........................................ ٢٧

مردنی ئایەتوڵا خومەینی و سەرەتای قۆناغێکی نوێ ( ١٩٨٩ ) ........................................ ٢٩

گۆڕینی سیاسەتی جیۆپۆڵەتیکی ئەمریکا بەرامبەر بەئێران ........................................ ٣٢

بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و سیاسەتەکانی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ........................................ ٣٥

سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئێران لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ........................................ ٣٧

توندکردنەوەی سزا ئابورییەکان و ئامانجەکانی ئەمەریکا ........................................ ٣٩

سەرکردەکانی ئێران و تێڕوانینی جیهانی ........................................ ٤١

لەدەستدانی دەرفەتێك بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییە جیۆپۆلەتکییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا ........................................ ٤٢

ڕێككەوتننامەی ئەتۆمی ئێران .......................................................................... ٤٤
ڕێككەوتن لەسەر چی كرا؟.......................................................................... ٤٤
بۆچی دۆناڵد ترەمپی سەرۆكی ئێستای ئەمەریكا دژی ئەو ڕێككەوتنەیە؟.......................................................................... ٤٥
سەپاندنەوەی سزاكان بەسەر ئێراندا (٢٠١٨) .......................................................................... ٤٧
كاردانەوەی ئێران و وڵاتانی پێنج كۆ یەك چی بوو؟ .......................................................................... ٤٩
كاریگەری سەپاندنەوەی سزا ئابوورییەكانی سەر ئێران .......................................................................... ٥٠
كێ دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئێران بكات پاش سەپاندنەوەی سزاكان ؟ .......................................................................... ٥١
قۆناغی یەكەم و دووەمی سزاكان.......................................................................... ٥٢
توانای سنووره وشكانی و دەریاییەكانی ئێران بۆ كەمكردنەوەی  كاریگەریی سزاكان.......................................................................... ٥٣
دیارینەكردنی ماوەی سزائابوورییەكان و ئاماژەكانی .......................................................................... ٥٤
كاریگەری سزاكان لەسەر هەرێمی كوردستان.......................................................................... ٥٤
ئایندەی پەیوەندییەكانی نێوان ئەمەریكا و ئێران.......................................................................... ٥٦
ئەنجام .......................................................................... ٥٩
سەرچاوەكان.......................................................................... ٦٠

## پێشەکی

پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و بەچەندین هەورازو نشێویشدا تێپەڕیەوە. بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمی جەنگی سارد و لەقۆناغی رژێمی پاشایەتیدا ئێران دۆستێکی نزیکی ئەمەریکا بووەو چەندین بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبووە، بەڵام ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ئەو پەیوەندییەدا دەهێنێت هاتنی رژێمی ئیسلامی ئێرانە لەساڵی ۱۹۷۹ دا کە زیاتر رژێمێکی شۆڕشگێڕی ئایدۆلۆژی رادیکاڵ بوو لەهەناوی خۆیدا دژایەتیکردنی کولتور و ئاین و سیستمی سیاسی و ئابوری رۆژئاوای هەڵگرتبوو. دواتر پاش مردنی رابەری رۆحی شۆرشی ئیسلامی ئێران (ئایەتوڵا خومەینی) ئیدی قۆناغێکی دیکە لەپەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران دێتە پێشەوە کە قۆناغی گۆڕینی سیاسەتی شۆڕشگێڕی و رەتکردنەوەی ئایدۆلۆژی و دانانی سنوری مەزهەبی و دینییە بۆ قۆناغی پراگماتیکی و کرانەوە بەڕووی جیهاندا. دیارە ئەم کرانەوەیەش نابێتە هەوێنی باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا لەبەرئەوەی هەریەك لەو دوو وڵاتە بونی ستراتیژ و بەرنامەی ئەوی دیکە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناویندا بەگەورەترین مەترسی بۆخۆی دەزانێت. ئەوان شەڕی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەکان دەکەن، ئێران دەیەوێت جڵەوی رەوتی رووداوەکان لەناوچەکەدا بگرێتە دەست و ئەمەریکاش دەیەوێت ئاگری ناکۆکی و شەڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتەوە ناو ماڵی ئێرانی. بۆئەمەش لەئێستادا پرسی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و پشتگیریکردنی گروپە تیرۆرستییەکان بوەتە چەکی دەستی ئەمەریکا بۆ لێدان لەبەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەناوچەکەدا، بەڵام ئەوەی تاڕادەیەك دەستی ئەمەریکای گرتووە پێویستی زۆری هاوپەیمانەکانیەتی بە سەرچاوەی وزەی ئێران و پێگە جیۆپۆلیتیکییەکەیەتی کە پانتاییەکی فراوانی لەسنوری دەریایی و وشکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیای ناویندا هەیە.

ئیدارە یەك لەدوای یەکەکانی ئەمەریکاش دوو رێگەیان بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئێران گرتۆتەبەر ئەوانیش: یەکەم، رێگای توند ( هارد پاوەر) کەبریتییە لە سەپاندنی سزای ئابوری و هەڕەشەی سەربازی و رووبەروبونەوە، وەك ئەوەی ئیدارەکانی بۆشی باوك و بۆشی کوڕ و ترەمپی ئێستا ئەنجامیاندا. دووەم، رێگای نەرم ( سۆفت پاوەر) کە خۆی لەبەشدارپێکردنی ئێراندا دەبینێتەوە لەچارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگای رێککەوتن و دانوستانەوە وەك ئەوەی ئیدارەی ئۆباما لەساڵی ۲۰۱۵دا پەنای بۆبرد لەرێککەوتنێکدا بەناوی رێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران. بەڵام هیچکام لەو رێگایانە کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەی نەگەیاندووە بەخاڵی یەکلایکەرەوە. ئێستا دۆخەکە بەئاستێك گەیشتووە کە

ئەمەریکا توندرین سزای بەسەر ئێراندا سەپاندووە. کاریگەری سزاکانیش لەسەر جۆری کاردانەوەی وڵاتان و چەندێتی پابەندبونیان بەسزاکانەوە دەوەستێت و جیهان چاوەڕێی ئەنجامێکی باش لەتوندبونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە ناکات. چاوەڕێدەکرێت توندکردنەوەی سزاکان، بەوپێیەی کە ئەمەریکا دەستێوەردانی ئێرانی لەعێراقدا بەیەکێك لەهۆکاری کێشەکان ناوبردووە، کاریگەری لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەبێت. هەڵدانەوەی پەڕەکانی ئەو مێژووە و چۆنیەتی سەرهەڵدانی کێشەکان و کاریگەری لەسەر وڵاتانی ناوچەکە ناوەرۆکی ئەم بابەتە پێکدەهێنێت.

## مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا لەسەرەدمی پادشایەتیدا ( ١٩٢٥-١٩٧٩)

### پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و ئێران لەسەردەمی پادشایەتی پەهلەویدا

لەساڵی ١٩٢٣ دا، حکومەتی ئەمەریکا راوێژکارێکی دارایی بەناوی (ئارسەر میلسپۆغ) دەنێرێتە ناوچەی ئەوکاتی فارس کە دواتر بووە ئێران. ئامانجی حکومەتی ئەمەریکا لەناردنی ئەم راوێژکارە بۆ هاوکاریکردنی دەسەڵاتی ئەوکاتی ئێران بووە لەتێپەڕاندنی ئەو قەیرانە داراییانەی دوچاری ئەو وڵاتە هاتبوو بەهۆی کێشەی ئیدارییەوە. ئەوکات ئێرانییەکان ناردنی ئەو راوێژکارە ئەمەریکییەیان بە هەنگاوێك بۆ هێنانە ناوەوەی وەبەرهێنانی بیانی دەزانی کە ئامانج لێی راگرتنی باڵانسی نێوان دەسەڵاتە گەورەکانی ئەوروپا بوو. بەوجۆرە تیمەکە تا ساڵی ١٩٢٨ و ئەوکاتەی کە (میلسپۆغ) پشتگیریی شای ئێرانی لەدەستدا لەئێراندا مایەوە.

ساڵی ١٩٢٥ حوکمی پەهلەوی بەرابەرایەتی (رەزاشا) لە ئێراندا هاتە کایەوەو کۆتای بە حوکمی قاجارییەکان هێندرا. لەگەڵ دەستبەکاربونی رەزاشا پرۆسەی چاکسازی لە ئێران دەستپێکرد، بۆ گۆرینی رواڵەت و سیمای سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئێران بەرەو سیمای دەوڵەتێکی هاوچەرخ لە سەر شێوەی دەوڵەتی کەمالی تورکیا. رەزاشا لە دەسەڵاتدا دیکتاتۆر بوو، هەمیشەش لە کێشەدابوو لەگەڵ مەرجەعە ئایینیەکان کە دژی پرۆسە چاکسازیەکانی دەوەستانەوە. رەزاشا توانی دەسەڵاتی دەوڵەت بگەڕێنێتەوە بۆ هەرێمە دورەکانی عەرەبنشینی خوزستان و لوڕستان و بلوچستان.

رەزاشا زۆر کاریگەربوو بە (ئەتاتورک و هیتلەر)، هەمیشە دەیویست سود لەئەزمونەکانیان وەرگرێت بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی عەلمانی بەهێز و نەتەوەیی، لەو پێناوەشدا پارتێکی دامەزراند کە رەوتێکی شۆڤینی هەبوو بە ناوی (ئێرانی نوێ). کاتێک هیتلەر جەنگی راگەیاند، ڕەزا شا دەیویست لایەنگری ئەڵمانەکان بێت. بۆیە بەریتانیاو سۆڤیەت لە ترسی پەرەسەندنی هەر مەترسیەکی نازییەکان، ئێرانیان داگیر کردو ڕەزا شا لە ١٩٤١ لە سەر دەسەڵات دورخرایەوەو (محەممەد ڕەزاشا)ی پەهلەوی کوڕی کرا بە جێگرەوەی و چوە سەر تەختی پادشایەتی لە ئێراندا.

دەسەڵاتی (محەمەد رەزا شا) لەساڵی ١٩٤٢ بۆ ١٩٧٩ بوو لەو ماوەیەدا ئەمەریکا هەشت سەرۆکایەتی گۆڕی. ئارەزووی زۆری شا محەمەد بۆ خۆپڕچەککردن و باڵادەستی سەربازی

بەسەر دراوسێکانیداو بێ متمانەیی بە یەکێتی سۆڤیەت وایلێکرد لەپاش کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم بیر لەدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکادا بکاتەوە.

لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا، پرسی پڕچەککردنی ئێران بووە بەشێك لە سیاسەتی ئەوکاتی ئەمەریکا بەهۆی کەمبونەوەی بژاردەکانی لە کەنداوی فارس لەسالانی شەستەکان. هاوکات هۆکارێکی دیکەی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران هاوتەریبی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەبوو لەسالانی حەفتاکاندا.

دەرئەنجامی لێکنزیکبونەوەی ئێران و ئەمەریکا رێککەوتنی ئەو دوو وڵاتەی لێکەوتەوە بۆ پڕچەککردنی ئێران تا لەساڵی ١٩٧٨ دا، تا ئێران ببێتە پێنجەمین گەورترین وڵاتی جیهان لەڕووی توانای سەربازییەوە.

تا هاتنی (ریچارد نیکسۆن) بۆ کۆشکی سپی و هەڵبژاردنی وەك سەرۆکی ئەمەریکا لەکانونی دووەمی ١٩٧٨ دا، ئێوان گەورەترین کڕیاری چەکی ئەمەریکی بوو لەناوچەکەدا. لەکاتێکدا ئەم راستییانە باش دەزانرا و لەئاستی جیهانی و ناوچەیشدا هەست بەم نزیکبونەوەیەی دەسەڵاتی شای پەهلەویی و ئەمەریکا دەکرا، بەڵام دواتر هەوڵی ئاوەژوکردنی راستییەکان دەدرا. دواتر لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٢ دا سیاسەتەکانی ئەمەریکا بەجۆرێك ئاراستەکرد کە توانی ئێران بکاتە وڵاتێکی بەهێز (لەروی سەربازی) و پشتوانی ئەمەریکا لەناوچەکە. لەهەمان کاتدا، محەمەد رەزا شا هاندەدرا و دەسەڵاتی ئەوەی پێدەدرا کە بەویستی خۆی و بەشێوەیەکی نائاسایی خەرجییە سەربازییەکان و هەنگاوەکانی بەئاراستەی ئەمەریکا زیادبکات.

نیکسۆن و ئیدارەی ئەوکاتی ئەمەریکا بەدوو هۆکاری سەرەکی ئەمەیان کرد:

یەکەم/ بەریتانیا بڕیاریدابوو هێزەکانی خۆی لەناوچەی کەنداو بکێشێتەوە و ئەوەش لەدوای خۆی بۆشاییەکی نەوعی لەبالانسی هێز لەناوچەکە دروستدەکرد.

دووەم/ رژێمی ئەوکاتی (ڤێتنام) سنوری دەسەڵاتی راستەوخۆی ئەمەریکای لەهەندێك ناوچە کەمکردبووەوە.

لەبەرئەوە ئێران ئەوکات بژاردەیەك و کاندیدێکی باش بوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە. تا ئەوکاتیش میراتی وەبەرهێنانی ئەمەریکا ئێراندا مابوو کە پەیوەندی بە کودەتاکەی

ساڵی ١٩٥٣ وە هەبوو تێیدا دەزگای سیخوڕی ئەمەریکی ( CIA) لەگەڵ بەریتانیا رۆڵێکی باشیان بینی بۆ بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوی شا کە لەلایەن حکومەتێکی لینینی چەپەوە پشتگوێ خرابوو و رۆڵی کەمکرابووەوە.

هاوکات، لەوکاتەدا بژاردەکانی دیکەی ئەمەریکا بۆ هێنانیان بۆناو هێڵی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کە سعودیە و ئیسرائیل بوون خرابوونە دەرەوەی بازنەی گرنگیدان. پشتگوێخستنی سعودیە پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە ئەو وڵاتە بەهۆی ناجێگیریی ئاسایشی ئەو وڵاتەوە گرنگی زۆری بە لایەنی سەربازی نەدەدا. بۆ ئیسرائیلیش، ئیدارەی ئەوکاتی ئەمەریکا پێیوابوو هەرجۆرە نزیکبونەوەیەك لەئیسرائیل پاڵ بەوڵاتانی عەرەبییەوە دەنێت لە یەکێتی سۆڤیەت نزیکببنەوە.

لەماوەی تەنها ٣ مانگدا لەساڵی ١٩٧٢ دا شا بەبڕی ٣ ملیار دۆلار کەلوپەلی سەربازی لەئەمەریکا کڕی، کە بیست ئەوەندەی ساڵی پێشوو تر بوو. لەساڵانی دواتریشدا شا چەندین جار بەگوژمەی ملیۆنان دۆلاری کەلوپەلی سەربازی لەوڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی ئەمەریکا کڕیوە، لەوانە ئیسرائیل و وڵاتانی ناتۆ.

بەکورتی، لەسەردەمی شادا ئەمەریکا هاوپەیمانێکی هەبوو کە دەیویست هاوشێوەی پۆلیسێك چاوێدێری ناوچەکە بکات و هێندەش دەوڵەمەندبێت کە بتوانێ بەسەرکەوتووی ئەو رۆڵە ببینێت. بەمجۆرە لەماوەی جەنگی سارددا، ئێران توانی هێڵی پەیوەندییەکانی پەیوەندییەکانی لەدژی دەستێوەردانەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەسنوری باکورەوە بپارێزێت و سیناریۆکەش بۆ هەردوو وڵات سیناریۆیەکی براوە بوو بۆ هەردوولا.

هەڵبژاردنی ئێران وەك هاوپەیمانێکی نمونەیی و پڕچەککردنی لەوکاتەدا باس و خواسی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا لەبەرئەوەی، یەکەم، ئێران تەنها وڵاتی غەیرە عەرەب بوو لەناوچەکەدا و پەیوەندییەکی باشی مێژوویی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە نەبوو، دووەم، زۆرینەی پێکهاتەی دانیشتوانی ئێران شیعە مەزهەب بوون کە جیاوازبوو لە مەزهەبی زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە کە سوننە مەزهەب بوون. سێیەم، ئێران لەسەردەمی شادا وەك وڵاتێکی لەخۆبایی و مەترسیدار لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە تەماشادەکرا. بەوجۆرە، شای ئێران لەوکاتەدا دەسەڵاتێك بوو لەناوچەکە نە زۆر پەسەند بوو نە زۆر دژایەتیشی دەکرا.

وەبەرهێنانی سیاسی ئەمەریکاش لەئێراندا بەوجۆرە بەربڵاوی و زۆرییەی کە شا تەواوی دەرگاکانی بازرگانی سەربازی بەسەردا کرابووە، وەك بەشێك لەشارەزایانی سیاسەتی

ئەمەریکا پێیانوایە، تاڕادەیەك بەشێك بوو لەو هۆکارانەی کە بەهۆیانەوە رقی ئێرانییەکانی بەرامبەر ئەمەریکا دروستکرد و تا ئەم ساتەش بەردەوامە.

پاش دەستلەکارکێشانەوەی نیکسۆن بەبۆنەی رووداوە حەیابەرەکەی ( وەتەرگەیت) کە تێیدا هێرشکرایە سەر ئۆفیسی دیموکراتەکان و تەواوی دۆکیۆمێنت و هێڵەپەیوەندییەکانیان برد، ئیدارەی فۆرد هەمان سیاسەتی نیکسۆنی بەرامبەر ئێران پەیڕەو کرد ، هەرچەندە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئیدارەی فۆرد سەرجی پێچەوانەی هەبوو پێیوابوو کە رژێمی ئەوکاتی شا کە لەسەرەتای گەشەکردنیدا بوو توانای کۆنترۆڵکردن و بەباشی بەکارهێنانی ئەو کەلوپەلە سەربازییانەی نیە کە لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاوە پێیدەدرا. دواتر بەهۆی ئەو بۆچونانەوە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئیدارەی فۆرد، جیم کیسنجەر لەکارەکەی دوورخرایەوە، سیاسەتی فۆردیش بەردەوام بوو لە هێشتنەوەی ئێران وەك هاوپەیمان و چاوی خۆی لەناوچەکە. پاش ئەویش ئیداری کارتەر، بەهەمان شێوە باوەڕی بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا هەبوو، لەساڵی ١٩٧٧دا چەکی زیاتری بە ئێران دەفرۆشت بەڵام سیاسەتی کرانەوەی هەموو دەرگاکان و ئەو جۆرە لەئازادی بۆ فرۆشتنی چەك بەئێران کە ئیداری فۆرد و نیکسۆنی پێناسرابوو سنورێکی بۆدانرا ، کارتەر هەوڵیدەدا ئەو پەیوەندییە چڕوپڕە کەمبکاتەوە و بە فۆرمێکی تر رێکیبخاتەوە، بەڵام بەهۆی توانی زۆری شا بۆ رازیکردنی سەرۆك، کارتەر نەیتوانی هەژمونی بەهێزی پەیوەندییەکانیان کەمبکاتەوە بەڕادەیەك لەگەشتەکەشیدا بۆ ئێران لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٧ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ دا شای ئێرانی بە " بنچینەی سەقامگیریی" ناوبرد، شا محەمەدیش ئەو جۆرە لەپەیوەندی وەك ئامرازێك بۆ گەشتن بەخەونەکانی ئێران لەزیاترکردنی هەژمونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا دەزانی.

دەربارەی کاریگەری و ئەنجامەکانی ئەوجۆرە لەسیاسەتی کردنەوەی دەرگاکان بەڕووی تەنها وڵاتێکدا و نەدۆزینەوەی جێگرەوەیەك یان بژاردەیەکی دیکە لەلایەن ئیدارە یەك لەدوای یەکانی ئەمەریکا لەسەردەمی شای پەهلەویدا، بەلێکدانەوەی بەشێك لە شیکەرەوە سیاسییەکان، هەڵەیەکی ستراتیژی بوو کە دەرئەنجامەکەی بریتی بوو لەرادەستکردنی ئەو هێز و کەلوپەلە سەربازییانە بە رژێمێك کە تا ئێستا دروشمی " مەرگ بۆ ئەمەریکا " هەڵدەگرێت و دژایەتی تەواوی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە دەکات.

### دوورخستنەوە سەرۆك وەزیرانی ئێران لەرێگای كودەتاوە ( ٢٠ ی ئابی ١٩٥٣)

ساڵی ١٩٥١ (موحەمەد موسەدیق) لە لایەن پەرلەمانی ئێرانەوە هەڵبژێردرا بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئێران. موسەدیق رۆڵێكی سەرەكی بینی لە بە نیشتیمانی كردنی سامانی نەوت و دەرهێنانی لەژێر دەستی كۆمپانیای بیانیەكان.
دواتر لەساڵی ١٩٥٢ بەهۆی ناكۆكی نێوان موسەدیق و محەمەد رەزا شای ئێران، موسەدیق دەستی لە كار كێشایەوە. لە كاردانەوەی ئەم دەستلەكاركێشانەوەیەدا، خۆپیشاندانی بەرفراوان لە ئێران بەرپابوو دژ بە شا. لەژێر فشاری ناوخۆدا، جارێكی دیكە شا موسەدیقی گەڕاندەوە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئێران.

بەردەوامی ریفۆرمەكانی موسەدیق و پەیوەندی لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەت، هەرەشەی بۆسەر بەرژەوەندیەكانی ئەمریكاو بەریتانیا دروستكرد. هەر لەبەر ئەم هۆكارەش دەزگای هەواڵگری ئەمەریكی (CIA) بەهاوكاری دەزگای هەواڵگری بەریتانی پشتیوانی پلانێكیان كرد بۆ دوورخستنەوەی (محەمەد موسەدیق) لەرێگای كودەتایەكەوە، پلانەكە رەزامەندی (دوایت ئایزنهاوەر)ی سی و چوارەمین سەرۆكی ئەمەریكای لەسەر بوو، دواتر كودەتاكە لەلایەن ئەمریكیەكانەوە بە پشتیوانی بەریتانیەكان ئاراستەكراو، ئەنجامەكەی خۆی بینیەوە بەلەسەركارلادانی موحەمەد موسەدیق و گەرانەوەی سەرجەمی دەسەڵاتەكان بۆ (موحەمەد رەزاشای پەهلەویی).

### رێككەوتنامەی ئەتۆمی نێوان ئەمەریكاو ئێران ( ٥ ی ئازاری ١٩٥٧)

لە ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٥٧، ئێران رێككەوتننامەیەكی هاوكاریكردن بۆ بەكارهێنانی ماددەی یۆرانیومی پیتێندراو بەرێگەی ئاشتیانە و بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی وزەی پێویستی كارگەكان لەگەڵ ئەمەریكا واژۆدەكات. رێككەوتنەكە لەچوارچێوەی بەرنامەیەكی ئاشتیانەدا بوو بۆ بەكارهێنانی وزەی ئەتۆمی كە لەلایەن سەرۆك ئایزنهاوەرەوە پێشكەشكرابوو. بەپێی ئەو رێككەوتنە، ئەمەریكا چەندین كیلۆ یۆرانیۆمی پیتێندراو هەناردەی ئێران دەكات و رەزامەند دەبێت لە هاوكاریكردنی ئێران تا بەرێگەیەكی ئاشتیانە ئەو یۆرانیۆمە لە بەدەستخستنی وزەی ناوەكیدا بەكاربهێنێت.

### سەردانی فەرمی دەوڵەتی پادشایی بۆ ئەمەریكا ( ١١ی ئەپرلی ١٩٦٢)

لەسەردانێكی فەرمی دەوڵەتیدا بۆ ئەمەریكا كە لە ١١ ی ئەپرێلی ١٩٦٢ دا بۆی رێكخرا، محەمەد رەزا شا بە كۆنگرێسی ئەمەریكا راگەیاند **"ئێران خۆی رادەستی ئایدۆلۆژیای**

**کۆمۆنیزم ناکات، بەڵام پێویستە ئەمەریکا لەسەر هاوکارییەکانی بۆ ئێران بەردەوامبێت"** بەپێی لێکدانەوەکان، ئەم لێدوانەی رەزا شا بۆ دڵنەوایکردنی بەرپرسانی ئەوکاتی ئەمەریکا بووە لەوەی ئێران لە یەکێتی سۆڤیەت نزیك نابێتەوە و ئەو هەنگاوەش لەپێناوی دەستخستنی زیاتری یۆرانیۆمی پیتێندراو بووە بەپێی ئەو رێککەوتنەی کە لەنێوانیاندا بووە. بەپێی زانیارییەکانی (نیۆرك تایمز) لەو سەردانەدا هەریەك لە (محەمەد رەزا شا) پادشای ئێران و (جۆن کەنەدی) سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا ستایشی گەلانی هەردوو لایان کردووە و بەتایبەتی جۆن کەنەدی هانی ئێرانییەکانی داوە کە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و نەکەونە ژێر کاریگەری یەکێتی سۆڤیەت و بۆ ئەوەش قسەیەکی بەناوبانگی دەگوازرێتەوە کە بە رەزاشای وتووە **" کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژی لەلایەن خەڵکێکی بەتوانای وەك ئێوە و گەلانی ئێران زیاتر گەرەنتی پاراستنی سەربەخۆیی دەکات سەدە لەدوای سەدە، هەر ئەوەش وایکردووە کە ئێمە ئەمرۆ گەشتوین بەم رۆژە و لەژێر ئەو فشاری ئەو ئاڵنگارییە زۆرانەشدا دەتوانین ئەو شەرە مێژووییە بکەین"** . مەبەستی جۆن کەنەدی لە شەری مێژوویی، شەری کۆمۆنیزم و ئایدۆلۆژیای پەیرەوکراوی سۆڤیەت بوو.

### واژۆکردنی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و سنورداركردنی چەکی ئەتۆمی ( تەموزی ١٩٦٨)

ئێران وەك یەکێك لەو (٥١) وڵاتەی کە واژۆی رێککەوتنەکەیان کردووە، لە رۆژی یەکی تەموزی ١٩٦٨ دا پابەندبوونی خۆی بە رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ سنورداركردن و رێگریکردن لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی دووپات دەکاتەوە و رێککەوتنەکە واژۆدەکات. دواتر و لەساڵی ١٩٧٠ پەرلەمانی ئێرانیش رێککەوتنەکە تەسدیق دەکات.

### کردنەوەی دەرگای تەکنولۆژیای ئەتۆمی بەرووی ئێراندا ( ١٥ی ئایاری ١٩٧٥)

(جێراڵد فۆرد)ی سی و هەشتەمین سەرۆکی ئەمەریکا جارێکی تر دەرگای تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی بەرووی ئێراندا کردەوە. لەبڵاوکراوەیەکدا، سەرۆك فۆرد، روونکردنەوەی لەسەر یاداشتێکی لێکتێگەشتنی نێوان ئێران و ئەمەریکا دا کە لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (هێنری کیسنجەر) بڵاودەکرایەوە و تێیدا سەرۆك فۆرد رێگەی بە ناردنی هەندێك ماددەو پێکهاتەی داوە بۆ ئێران و بەکارهێنانیان بەتێکەڵکردنی لەگەڵ سوتەمەنی لەناو ریاکتەرەکانی خۆیاندا. هاوکات، لەبڵاوکراوەکەیدا، سەرۆك فۆرد رێگای بە ئێرانییەکان داوە دەزگای پرۆسێسکردنی وزەی ناوەکی دروستکراوی ئەمەریکا بکرن و بەکاریبهێنن کە کاری دەرهێنانی ( پلۆتۆنیۆم)یش دەکات لەناوی ریاکتەرەکانی سوتەمەنیدا. لەچاوپێکەوتنێکدا کە ساڵی ٢٠٠٥ واشنتۆن پۆست لەگەڵی ئەنجامیداوە، کیسنجەر لەبارەی ئەم بریارەی

سەرۆك فۆرد و سیاسەتی ئەوکاتی ئیدارەی ئەمەریکاوە دەڵێت **" ئەوکات ئێران یەکێك بووە لە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا و لەو چوارچێوەیەشدا  گرنگی بەو پرسە نەدراوە کە ئەم ماددە ئەتۆمییانە رۆژێك لەرۆژان بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی ئاراستەدەکرێن".**

### سەردانی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ ئێران ( ٣١ی دیسەمبەری ١٩٧٧)

لە ٣١ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٧ (جیمی کارتەر)ی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا سەردانی ئێران دەکات و پشتیوانی خۆی بۆ رژێمی پاشایەتی ئەوکاتی ئێران دووپاتدەکاتەوە. سەردانەکەی سەرۆك کارتەر کە رۆژێك پێش سەری ساڵ بووە، بە یەکێك لەهەنگاوە گرنگەکانی مێژووی پەیوەندی نێوان ئێران و گەلی ئەمەریکا لێکدەدرێتەوە و تێیدا سەرۆکی ئەمەریکا لەپشتی شای ئێرانەوە دەوەستێت و دەڵێت **"بەهۆی سەرکردایەتی بەهێزی شاوە، ئێران دورگەیەکی جێگیرو سەقامگیرە".**

### روخانی رژێمی پاشایەتی و کاردانەوەی ئەمەریکا (١٦ی کانونی دووەم ١٩٧٩)

رژێمی پاشایەتی ئێران لەلایەن شۆڕشی ئیسلامییەوە و لەساڵی ١٩٧٩ رووخێندرا، لەو بارەیەوە (رایمۆند واڵتەر ئاپڵ) سەرنوسەری نیۆرك تایمز نوسی**"شەپۆلێك لەخەڵك شەقامەکانی تارانی گرتووە و پشتیوانی پیاوێکی ئاینی هەڵهاتوو دەکەن کە ئایەتوڵا خومەینییە"**. ئەمەش والێکدرایەوە کە رووداوێك لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئەمەریکا روودەدات. هاوکات، جیمی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا چەند رۆژێك پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا رایگەیاند **"ئێستا شای ئێران لە میسرە، دواتر روو لەوڵاتەکەمان دەکات، بەڵام وەك چاوەڕێدەکەین و هیواداریشین لەئاییندەدا پەیوەندییە باشەکانمان لەگەڵ ئێراندا بەردەوامبێت."**

### هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دوو وێستگەی ئەتۆمی ( ٢٩ی کانونی دووەم ١٩٧٩)

حکومەتی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی (شاپور بەختیار) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستێکی(٦.٢ ملیار دۆلار)ی دا کە تایبەت بوو بەدروستکردنی دوو وێستگەی ئەتۆمی. ئێران بڕی (٢٤٠ ملیۆن دۆلار)ی وەك پێشەکی دروستکردنی ئەو وێستگانە داوە کە بڕیاربوو لە ناوچەی (دارخۆین)ی خوزستان دروستبکرێت.

### گەڕانەوەی خومەینی و سەرەتای دروستبوونی کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا (شوباتی ١٩٧٩)

ئایەتوڵا خومەینی کە دواتر بوە سیمبوڵی شۆرشی ئیسلامی ئێران لەماوەی کەمتر لەدوو هەفتە لە رووخانی رژێمی پاشایەتی ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشەکەی گەڕایەوە ئێران و لەیەکەم لێدوانیدا تۆوی ناکۆکی نێوان گەلانی ئێران و ئەمەریکای چاندو نیازی رژێمەکەی وەك دەسپێکی ململانێیەکی سەخت نیشاندا کە چەندین دەیەیە لەنێوان ئێران و ئەمەریکا بەردەوامە. خومەینی دەستبەجێ داوای دەرکردنی بیانییەکانی لەوڵاتدا کرد و رایگەیاند **"داوا لەخوای گەورە ئەکەم دەستی هەموو بیانییە خراپەکان و هاوکارەکانیان لەوڵاتدا ببڕێت"**. ئەمەش داوایەکی راستەوخۆی خومەینی بوو بۆ دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ دونیای دەرەوە. لەو سەربەندەدا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا (١٣٥٠) هاوڵاتی ئەمەریکی گەیاندە دەرەوەی ئێران و تا مانگی ئازار، خومەینی توانی کۆنترۆڵی زیاتر لەوڵاتدا بکات.

### داواکاری رادەستکردنەوەی شا و دەسپێکی ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا ( ٤ی نۆڤەمبەر ١٩٧٩)

لێدوانی ئاگرینی سەرکردەکانی شۆڕش بەرامبەر ئەو بیانییانەی لەناو ئێراندا بوون هاوکات لەگەڵ هاندانی خەڵك بۆ گەڕاندنەوەی شا کە بەرەو میسر هەڵهاتبوو تا دەهات پەیامی رژێمە نوێیەکەی ئێرانی بەرامبەر ئەمەریکاو رۆژئاوا روونتردەکردەوە، تا گەشتە ئەوەی هێزە چەکدارە گەنجەکان کە ئەوکات وەك خوێندکار خۆیان دەناساند لەچواری نۆڤەمبەری ١٩٧٩دا هەڵیانکوتایە سەر باڵوێزی ئەمەریکا لەتاران و داوای گەڕانەوەی شای هەڵهاتوویان دەکرد کە ئەوکات بەدەست نەخۆشی شێرپەنجەوە لەیەکێك لە نەخۆشخانەکانی نیۆرك دەینالاند. چەکدارە گەنجەکان داوای دادگایکردنی شایان دەکرد، بۆ رادەستکردنەوەشی ئەمەریکایان بە بەرپرس دەزانی، ئەوکات ئەمەریکاش بەرادەستکردنەوەی شا رازینەدەبوو چونکە ئێران و رژێمی شای وەك یەکێك لەهاوپەیمانەکانی دەناسی. وتاری گەرمی سەرکردەکانی شۆڕش تادەهات رق و تورەیی گەنجە چەکدارەکانی زیاتردەکرد، لەو چەند رۆژەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بیانی دەستگیرکران کە بەپێی زانیارییەکانی (نیۆرك تایمز) لەسەدا نەوەدیان ئەمەریکی بوون.

رق ئەستوری ئێرانییەکان و بەتایبەتیش شوێنکەوتوانی شۆڕشی ئێران بەرامبەر ئەمەریکاو رۆژئاوا لە دوو روانگەوە سەرچاوەی گرتبوو:

**یەکەم:** رژێمی پاشایەتی ئەوکاتی ئێران پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەمەریکا هەبوو، ئیدارەی ئەمەریکاش تا ئاستی ناردنی ماددەی یۆرانیۆم و دروستگردنی دوو وێستگەی ئەتۆمی پاڵپشتی ئەو رژێمەیان دەکرد، لەسەردانە دەوڵەتییەکەشدا شای پەهلەوی ئێران

لەکۆنگرێسدا دڵنیایی ئەوەی دابوو کە بەرەو سیستمی کۆمۆنیزم هەنگاونانێت، ئەو لێدوانەش ئاماژەبوو بۆ نزیکبوونەوە لە ئەمەریکا و پشتگوێخستنی جەمسەری کۆمۆنیزمی کە بریتیبوو لە یەکێتی سۆڤیەت. هاوکات رژێمی پادشایی لەچەند ساڵی کۆتایدا کێشەی زۆری دارایی و سیاسی هەبوو ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك توندکرابوون لەزیندانەکان.

**دووەم:** لەوکاتەدا هەریەك لە شای پەهلەوی و سەرۆك وەزیران (شاپور بەختیار) هەڵهاتبوون، محەمەد رەزا شا کە بەدەست نەخۆشییەوە دەینالاندو شۆڕشگێڕانیش باوەڕیان نەدەکرد، لەلایەن ئەمەریکاوە مافی مانەوەی پێدرابوو، لە یەکێك لەنەخۆشخانەکانی ئەمەریکا بوو، سەرۆك وەزیرانیش رووی لە بەریتانیا کردبوو و مافی پەنابەرێتی پێدرابوو. سەرکردەکانی شۆڕش بە ئاشکرا نیگەرانی پەنادانی سەرۆك وەزیران و شا بوون، خومەینی لە قوم لێدوانێکی داو رایگەیاند **"پەنادانی ئەو دوو کەسایەتییە وادەکات کە ئێرانییەکان بەرێگایەکی تر رووبەروویان ببنەوە"**. هاوکات راشیگەیاندبوو کە **"چیتر ئەمەریکا ناتوانێت یاری بەهەستی ئێرانییەکان بکات "**. هاوکات، رادیۆی فەرمی ئەوکاتی شۆڕش بەناوی کۆمەڵگەی ئیسلامی و خودی ئایەتوڵا خومەینی و مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆوە بڵاوی کردەوە کە ئەوان بەتەواوەتی پشتگیری هەڵکوتانە سەر باڵوێزی ئیمپریالیستی ئەمەریکی دەکەن و پێیانوایە ئەو باڵوێزە ناوەندێك بووە بۆ جاسوسیکردن بەسەر ئێرانییەکانەوە. بەمجۆرە، داوای رادەستکردنەوەی محەمەد رەزاشا و شاپور بەختیار هێڵێکی لەنێوان جیهانی ئێرانی و بەرەی رۆژئاوا دروستکرد کە تائێستاش بەردەوامە.

### قەیرانی بەبارمتەگیراوەکان و کاردانەوەی ئەمەریکا (١٤ی شوباتی ١٩٧٩)

شۆڕشی ئێران بەتەواوەتی دۆخی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتەی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گۆڕی، محەمەد رەزا شا کە هەڵهاتبوو بۆ میسر و لەوێشەوە بۆ ئەمەریکا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئیدارەی ئەمەریکادا هەبوو، ئەمەش گومان و رقێکی زۆری لای سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامی دروستکردبوو. هەڵکوتانەسەر باڵوێزخانەی ئەمەریکا لەتاران یەکەم جار نەبوو، بەڵکو لەپایزی ساڵی ١٩٧٨ ەوە چەندین جار ئەو باڵوێزخانەیە بوبوە شوێنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی ئەو کەسانەی کە دژی بوونی ئەمەریکا بوون لەوڵاتەکەیان. دواجار لە ١٤ ی شوباتی ١٩٧٩ و تەنها یەك مانگ پاش هەڵهاتنی شا باڵوێزخانەکە هێرشی کرایە سەر و داگیرکرا. بەهۆی ئەوەی پێشتر باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە ئێران چەندین جار رووبەرووی مەترسی و کوشتنی ستافەکەی بووبووەوە، ئەو باڵوێزخانەیە لەسەروبەندی سەرهەڵدانی شۆڕش و گۆڕانکاریدا کەشوهەوای

مەترسییەکانی لێنیشتبوو. سەرەنجام لەسەرەتای دەستپێکردنی قەیرانی بەبارمتەگیراوەکاندا ستافی ئەو باڵوێزخانەیە لە ١٤٠٠ کەسەوە کەمکرابوونەوە بۆ ٧٠ کەس.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٩دا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاگادارکرا کە (محەمەد رەزا شا) پێویستی بەچارەسەرێکە کە تەنها لە ئەمەریکا هەیە، هاوکات دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا (مەهدی بازرگان) سەرۆك وەزیرانی ئێران ئاگاداردەکەن کە شا دەیەوێت بچێتە ئەمەریکا بۆ وەرگرتنی چارەسەر. سەرۆك وەزیرانیش لەسەرو بەندی هێرشەکانی شوباتی ١٩٧٩ دا بەڵێنی ئەوەی بە ئەمەریکییەکان دا کە ژیانی باڵوێز و ستافەکەی پارێزراوەدەبێت. محەمەد رەزا شای هەڵهاتوو لە ٢٢ ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٩ دا گەشتە شاری نیۆرکی ئەمەریکا. سەرەتا کاردانەوەی ئێرانییەکان تاڕادەیەك ئاسایی بوو، بەڵام دواتر ئەو بابەتە کرایە چەکێك بۆ دژایەتیکردنی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا و سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامی و بۆ بەرزکردنەوەی حەماسەتی خەڵك و بەتایبەتیش گەنجان سودیان لێوەرگرت، تا گەشتە ئەوەی لە ٤ ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ دا لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەگەنجان کە بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی (بریتانیکا) نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار گەنج دەبوون و هەندێکیان چەکیان هەڵگرتبوو هێرشکرایە سەر باڵوێزخانەی ئەمەریکا لەتاران و پاش ماوەیەکی کەم (٦٣)ژن و پیاو لەستافی باڵوێزخانەکە بەبارمتەگیران لەگەڵ سێ دپلۆماتکاری دیکەی ئەمەریکی لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران. پاش چەند ڕۆژێکی کەم، جیم کارتەر سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا و ژمارەیەك لە دپلۆماتکارانی وڵاتانی دیکە هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ ئازادکردنی بەبارمتەگیراوەکان، بەڵام بێسود بوو. لەو سەروبەندەدا تیمێکی نوێنەرایەتی ئەمەریکا بەسەرۆکایەتی داواکاری گشتی پێشوتری ئەمەریکا ڕێگەیان پێنەدرا بچنە ناو ئێرانەوە.

دەسەڵاتدارانی شۆڕشی ئیسلامی لەوکاتەدا سێ مەرجی سەرەکییان لەبەرامبەر ئازادکردنی بەبارمتەگیراوەکاندا دانابوو کە لەرێگەی (عەبول حەسەن بەنی سەدر) وەزیری دەرەوەی ئێرانەوە ئاشکرا کرا، مەرجەکانیش بریتیبوون لە:

**یەکەم:** ئەمەریکا دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی ئێراندا نەکات.

**دووەم:** شا رادەستی ئێران بکرێتەوە.

**سێیەم:** موڵك و سامانە دەستبەسەرداگیراوەکانی شا وەك موڵك و ماڵی دزراوی خەڵك بناسێنێ.

لەوەڵامدا ئەمەریکا رایگەیاند ئێران مافی خۆیەتی داوای موڵك و ماڵی شابکاتەوە و داوا پێشکەشی دادگاکانی ئەمەریکا بکات، هاوکات بەڵێنیشی دا کە لیژنەیەکی نێودەوڵەتی راسپێرێت بۆ بەدواداچوونی پێشێلکارییەکانی شا بەرامبەر بەهاوڵاتیانی ئێرانی بۆ ئاشکراکردنی هەر تاوان و مافێکی پێشێلکراوی رژێمەکەی شا، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێران و شۆڕشی تازە سەرپێکەوتووەوە گەڕاندنەوەی بەبارمتەگیراوەکان کرایە پێشمەرجی جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە.

### کاردانەوەی ئیدارەی کارتەر ( ١٩٨٠ )

پاش چەندین هەوڵی شکستخواردوو بۆ ئازادکردنی بەبارمتەگیراوەکان، دواجار ئیدارەی ئەوکاتی ئەمەریکا بەسەرۆکایەتی ( جیمی کارتەر) چەند هەنگاوێکی توندی لەبەرامبەر ئێران هەڵگرت کە بریتیبوون لە قەدەغەکردنی کڕین و هاوردەکردنی نەوتی ئێران لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی پارەو موڵکوماڵی ئێرانیەکان لەئەمەریکا کە بەهاکەی ملیارەها دۆلاربوو، هاوکات ئەمەریکا سەرپەرشتی هەڵمەتێکی توندی دپلۆماسی دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەستپێکرد، لەوماوەیەدا دپلۆماسیەتی ئەمەریکا توانی دوو بڕیاری گرنگی نەتەوە یەکگرتووەکان (بڕیاری ٤ ی دیسەمبەر و ٣١ ی دیسەمبەر) دژی ئێران بەدەستبهێنێت. هاوکات، لە ٢٩ی نۆڤەمبەریشدا ئەمەریکا سکاڵایەکی لەدادگای نێودەوڵەتی دژی ئێران جوڵاند کە دواتر لە مانگی مایسی ١٩٨٠دا دادگا بڕیارەکەی لەبەرژەوەندی ئەمەریکا پەسەندکرد. هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رازیبوونیان بەسزادانی ئێران بەهۆی پرسی بەبارمتەگرتنەکەوە بوو، دیپلۆماتکارانی بەشێکی زۆر لەوڵاتانی جیهانیش بەناوی خۆیانەوە هەوڵی رزگارکردنی بەبارمتەگیراوەکانیان دەدا. یەکێك لەو رووداوانەی کە لە ٢٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ روویدا و پەیوەندی بەپرسی قەیرانی بەبارمتەگیراوەکانی ئەمەریکاوە هەبوو، ئەوە بوو دپلۆماتکارانی کەنەدی یارمەتی ئازادکردنی شەش دپلۆماتکاری ئەمەریکییان دا کە دەستگیرنەکرابون و توانیبویان خۆیان بگەیەننە باڵوێزخانەی کەنەدا، ئەوانیش لەڕێگەی خۆیانەوە ئەو دپلۆماتکارانەیان گەیاندبوە ئەمەریکا، دواتر بەهۆی ئەو رووداوەوە باڵوێزخانەی کەنەدا لە ئێران داخرا.

### ئازادکردنی بەشێك لە بەبارمتەگیراوەکان ( ١٩ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ )

لە ١٧ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٩، ئایەتوڵا خومەینی بڕیاری ئازادکردنی ژمارەیەك بەبارمتەگیراوی دەرکرد، کە سەرجەمیان ژن و رەشپێستی ئەمەریکی بەرەگەز ئەفریقی بوون، بیانوی خومەینیش بۆ ئازادکردنیان ئەوە بوو کە رایگەیاند ئیسلام رێز لەژن دەگرێت و

ڕەشپێستەکانیش چەوسێنراوەن بۆیە ئازاددەکرێت. دواجار لە ١٩ی نۆڤەمبەردا بڕیارەکەی خومەینی جێبەجێکراو شەش پیاوی ڕەشپێست و چوار ژن کە لەستافی باڵوێزخانەی ئەمەریکابوون ئازادکران. دواتریش لە ١١ی تەموزی ١٩٨٠ هاوڵاتیەکی دیکە ئازادکرابەهۆی خراپی دۆخی تەندروستیەوە. بەمەش ژمارەی بەبارمتەگیراوەکان کە ئازادنەکرابوون بون بە ٥٢ کەس. دواتر لەتەواوی دانیشتن و گفتوگۆکاندا، دەسەڵاتدارانی ئێران هەڕەشەی دادگایکردنی دەستگیرکراوەکانیان دەکرد بەتۆمەتی جۆراو جۆر و لەنێوانیشیاندا بەتۆمەتی جاسوسیکردن.

### هەوڵێکی شکستخواردوی ئیدارەی کارتەر ( ٢٤ ی نیسانی ١٩٨٠)

هاوشان لەگەڵ هەوڵە دپلۆماسییەکان بۆ ڕزگارکردنی بەبارمتەگیراوەکانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا، هەر لەسەرەتای قەیرانەکەوە ئیدارەی ئەوکاتی ئەمەریکا بیری لە بەکارهێنانی پلانی سەربازی دەکردەوە بۆ ڕزگارکردنیان، ئەوە بوو پاش شکستی هەوڵەکانی ئەمەریکا و نوێنەرایەتی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی دونیا لە تاراندا، کارتەر لە ٢٤ ی ئاپرلی ١٩٨٠ دا بڕیاری ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی دەدات لەژێرناوی (بیابانی یەك)  و بۆ ئەو مەبەستەش بەنهێنی هێزێك ڕەوانەی ناوچەیەکی بیابانی لەباشوری ڕۆژهەڵاتی تاران دەکات، پلانەکە بەوجۆرەیە کە گروپێك لەسەربازی تایبەت و ڕاهێنراو بەهێلیکۆپتەر لەو ناوچە بیابانەوە کە بەخاڵی سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکە دادەنرا ڕەوانەی خاڵی دووەمی ئۆپەراسیۆنەکە کرا کە لەنزیکی باڵوێزخانەکەی ئەمەریکا بوون بۆ ئەوەی لەناکاو بەشێوەیەکی خێرا هەڵبکوتنە سەر باڵوێزخانەکەو بەبارمتەگیراوەکان ڕزگاربکەن. لەلایەکی دیکەوە بەشێکی دیکەی سەربازەکان ئامادەکرابوون بۆ هەڵگرتن و گەیاندنی بەبارمتەگیراوەکان بۆ دەرەوەی ئێران. هەرچەندە هەر لەسەرەتاوە ئۆپەراسیۆنەکە کۆمەڵێك کێشەی بۆدروستبوو، بەڵام دواتر دووان لەو هەشت  فڕۆکەیەی کە نێردرابوون بۆ ئۆپەراسیۆنەکە پێش گەشتنیان بەوێ لەیەکەم وێستگەی ئۆپەراسیۆنەکە لەکارکەوتبوون و یەکێکی دیکەش لەهەمان شوێن کەوتبووە خوارەوە.  هێزەکە تێگەشتن کە ناتوانن ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجامبدەن، لەبەرئەوە بڕیاری پاشەکشەیاندا، لەوکاتەدا هێلیکۆپتەرێکی کە مابووەوە  خۆی کێشا بە فڕۆکەیەکی پشتیوانیداو بەوەش ئەوەندەی تر بارگرانی بۆ تیمەکە دروستبوو، بەهۆیەوە هەشت ئەندامی خزمەتگوزاری ئەمەریکی کوژران و تەرمەکانیان بەجێما، کە دواتر لە شاشەی تیڤییەکانی ئێرانەوە نیشاندران و تەرمەکانیان ڕیزکرابوون. بەوهۆیەشەوە ئەم هەوڵەی ئیدارەی کارتەر

شەرمەزارکرا و خرایە ژێر فشارێکی زۆرترەوە بۆ گێڕانەوەی تەرمەکانیان. لەوکاتەدا (سایرس ڤەین) وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کە دژی ئۆپەراسیۆنەکەبوو وەك نارەزایەتییەك لەبەرامبەر ئەو شکستەدا دەستی لەکارکێشایەوە. بەوجۆرە، هەموو هەوڵە دپلۆماسییەکان بەبنبەست گەیشتن، بەبارمتەگیراوەکانیش گواسترانەوە بۆ جێگەی شاراوە و نهێنی دیکە. مانەوەی بەبارمتەگیراوەکان و ئۆپەراسیۆنە شکستخواردووەکەی هۆکاربوون بۆئەوەی کارتەر لەهەڵبژاردنی داهاتوودا هەڵنەبژێردرێتەوە.

### مردنی شا، شەڕی ئێران-عێراق، دەستپێکردنی سزا ئابورییەکان ( ٢٧ ی تەموزی ١٩٨٠)

تا مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٠، ئەمەریکا توانی نزیکترین هاوپەیمانەکانی خۆی رازیبکات بۆئەوەی سزای ئابوری بخەنە سەر ئێران. هەرچەندە سەپاندنی ئەو سزایانە و مردنی شای هەڵهاتووی ئێرانیش نەبوونە هۆی لاوازکردنی ئێران و رەواندنەوەی گومانەکان. هەژدە مانگ پاش هەڵهاتنی بۆ دەرەوەی وڵات، محەمەد رەزا شای ئێران لەنەخۆشخانەیەکی سەربازی لەمیسر کۆچی دوایی کرد. هەر لەو وڵاتە کە لەکۆتایی تەمەنیدا گەڕابووەوە بۆی، پرسەیەکی دەوڵەتی بۆ سازکرا. مردنی شا کاریگەری زۆری لەسەر قەیرانی بەبارمتەگیراوەکان نەبوو، هەربۆیە عەبدول حەسەن بەنی سەدر، وتەبێژ بەناوی سەرۆکی ئێرانەوە رایگەیاند **"بۆ ئێمە، شای ئێران چەندین ساڵە مردووە"**. دواتر، ئایەتوڵا خومەینی لەسەروبەندی حەجکردن لەمەککەی پیرۆز پەیامێکی ئاراستەی ئەمەریکییەکان کردو داوای گەڕاندنەوەی تەواوی موڵك و ماڵی شا و ئێرانییەکانی کردو داواشی کرد کە ئەمەریکا بەڵێن بدات دەستێوەردانی سەربازی و سیاسی لەکاروبارەکانی ناوخۆی ئێراندا نەکات.

دواتر دوو روداو تا رادەیەك کاریگەرییان لەسەر چارەسەرکردنی قەیرانی بەبارمتەگیراوەکان کرد، ئەوانیش:

**یەکەم:** دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ بۆ ئێران لەنیوەی مانگی ئابدا، ئەوەش وایکرد کارتەر دەستبەجێ هەوڵی زیادکردنی هەوڵە دپلۆماسییەکانی بدات.

**دووەم:** دەستپێکردنی شەڕی ئێران- عێراق و داگیرکردنی بەشێك لەخاکی ئێران لەلایەن عێراقەوە لە ٢٢ ی سێپتێمبەردا.

هەرچەندە دواتر شەڕی ئێران عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) بۆ ماوەیەکی کاتی دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەگفتوگۆکردن لەسەر قەیرانی بەبارمتەگیراوەکان دوورخستەوە، بەڵام ئەو شەڕەو

بەردەوامبوونی سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران، حکومەتی ئەو وڵاتەیان لاوازکردبوو لەبەردەم هێرشە بەردەوامەکانی سوپای عێراقدا.

لەکاتی سەردانی (محەمەد عەلی رەجایی) بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان لەمانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی وڵاتانی جیهان پێیان راگەیاندبوو کە ئێران نابێت چاوەڕوانی یارمەتی ئەوان بێت لەشەڕو ململانێکانی لەگەڵ عێراق تا پرسی بەبارمتەگیراوەکان چارەسەر نەکات. هاوکات هاوکاری بەردەوامی عێراق لەلایەن ئەمەریکا هێندەی تر دەسەڵاتدارانی ئێرانی ترساندبوو تا ناچاربوون بڕیاری بەشداریکردن بدەن لەگفتوگۆکانی تایبەت بەچارەسەرکردنی ئەو پرسە. هەرچەندە ئێرانییەکان بریاریاندابوو کە نەچنە گفتوگۆی راستەوخۆ لەگەڵ ئەمەریکا، بەڵام بەناوبژیوانی جەزائیر، گفتوگۆکان بەدرێژایی ساڵی ١٩٨٠ و تا سەرەتای ساڵی ١٩٨١ بەردەوامبوون کە تێیدا ئێرانییەکان ئەوکات هەموو داواکارییەکانی خۆیان لەدوو خاڵدا چڕکردبووەوە کە ئەوانیش هەلگرتنی سزا ئابوورییەکان و گێڕانەوەی تەواوی موڵك و ماڵی ئێران بوو لەئەمەریکا.

## رێککەوتنی کۆتایی و ئازادکردنی بەبارمتەگیراوەکان (٢١ی کانونی دووەمی ١٩٨١)

لە ١٩ ی کانونی دووەمی ١٩٨١ دا لەلایەن (وارن کریستۆفەر) جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا رێککەوتنێك لەگەل ئێرانییەکان ئەنجامدراو تێیدا ئەمەریکا رازیبوو بە گێڕانەوەی تەواوی موڵك و سەروەتی ئێران کە لەئەمەریکا دەستیان بەسەرداگیرابوو، لەگەڵ جێگیرکردنی بەهای پارەو داواکارییە داراییەکان و دەستوەرنەدان لەپرسە سیاسی و سەربازییەکانی ئێراندا. بەوەش دوو داواکاری کۆنکرێتی ئایەتوڵا خومەینی جێبەجێکران کە لەکاتی حەجدا ئاراستەی ئەمەریکای کرد، بەوهۆیەشەوە لە ٢٠ ی کانونی دووەمی ساڵی(١٩٨١) و پاش چەند ساتێکی کەم لە وتاری دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێی ئەمەریکا (رۆناڵد ریگن) و دوای( ٤٤٤) رۆژ بەبارمتەگیراوەکان کە تا ئەوکات (٥٢) پەنجاو دوو کەسیان مابونەوە ئازادکران.

ئەوەبوو لە(٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٨١)دا و لەڕێگەی فڕۆکەیەکی جۆری(VC-137)ەوە بەبارمتەگیراوەکان گەشتنەوە فرۆکەخانەی (ستوارت)ی نێودەوڵەتی لە نیۆرك، لەوێ هەزاران کەس لەشەقامی (هودسن ڤالی) بەئاڵاو لۆگۆی ئەمەریکاوە لەپێشوازی ئازادکراوەکاندا بوون و خۆشحاڵی خۆیان بەهاتنەوەیان دەردەبڕی.

### کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی (١٩٧٩) لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران

سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی (١٩٧٩)دا بە خاڵی یەکلاکەرەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران هەژماردەکرێت، بەجۆرێك ئەو پەیوەندییانە تێکچون کە کاریگەرییەکانی تا ئەمڕۆش بەردەوامن. لە یەکی شوباتی ١٩٧٩ کاتێك ئایەتوڵا خومەنی لەفەرەنساوە دەگەڕێتەوە ئێران، شورش دەستیپێکردبوو بەڵام ئەو گرۆتینێکی دیکەی دایە شۆڕشەکەو هەموانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە. سەرانی ئەم شۆڕشە ئیسلامییە مەزهەبییە، پێشتر دەستێوەردانی رۆژئاوایان کردبووە کەرەستەی جوڵانەوەکەیان، ئەوان هەمیشە دوژمنایەتی ئەو جۆرە دەستێوەردانەیان دەکردو خەڵکیان وا تێگەیاندبوو کە دەستێوەردانی رۆژئاوا هۆکاری سەرەکی تەواویماڵوێرانییەکانی ئێرانە. دەستگیرکردنی ستافێکی ٥٣ کەسی لەباڵوێزخانەی ئەمەریکا لەئێران و دەستبەسەراگرتنیان بۆماوەی ٤٤٤ رۆژ بوە خاڵی سەرەکی بەرجەستەکردنی دروشم و رێتریکە ئاینییەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە واقیعدا، ئەو دەستپێشخەرییەی سەرانی شۆڕشی تازە سەرکەوتووی ئێران بووە خاڵی دەسپێکی ململانێیەکی ٣٠ ساڵەی نێوان ئەمەریکاو ئێران کە قوڵاییەکەی لەوتەیەکی جۆرج بۆشی کوڕدا خۆی بینییەوە کاتێك لەسەردەمی سەرۆکایەتییەکەیدا وتی **"ئێران میحوەر و جەوهەری کارە شەیتانییەکانە لەجیهاندا".**

هەمیشە پرسی تیرۆر و چەکی ئەتۆمی لای ئەمەریکییەکان و پرسی دژایەتیکردنی دین و پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل لای ئێرانییەکان جەوهەری گوتار و رێتریکی ململانێکانیان بووە. بەرپرسانی کۆشکی سپی هەمیشە ئەوە دەڵێن کە "ئێران بەشێوەیەکی مەترسیدار هەوڵی دەستخستنی چەکی ئەتۆمی دەدات و تیرۆر بەرهەمدەهێنێت، هاوکات ژمارەیەکی کەمیش دەستیان بەسەر دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا گرتووە و ئازادییەکانیان پێشێلدەکەن". لەبەرامبەردا بەرپرسانی تاران پرسی دژایەتیکردنی ئیسلام و پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل بۆ داگیرکردنی زیاتری قودس و ناوچەی دەسەڵاتی مسوڵمانان وەك ئامرازێك بۆ دژایەتیکردنی ئەمەریکییەکان و رۆژئاوا بەکاردەهێنن.

دژایەتیکردن و رقی زۆری دەسەڵاتدارانی ئێران بەرامبەر ئەمەریکا لە پاڵپشتیکردنی ئەو وڵاتە لە (محەمەد رەزا شای) ئێرانەوە سەرچاوەدەگرێت. رەزا شا لەساڵی ١٩٥٣ دا دەسەڵاتی گرتە دەست پاش کودەتایەك کە لەلایەن دەزگای سیخوڕی ئەمەریکی (CIA) یەوە پشتگیری کرا دژبە حکومەتێکی هەلبژێردراو.

لەبارەی زوڵم و زۆری ڕەزا شاو کاریگەرییەکانی لەسەر پەرەسەندنی شۆڕشەکە، (شیرین تاهماسي هنتر) دیپلۆماتکاری پێشوی ئێران دەڵێت **"زۆربەی ئێرانییەکان شایان وەك زاڵم و دڵڕەق دەبینی، ئەوەش کاری شۆڕشگێڕانی ئاسانتر کردبوو."** شیرین زیاتر بابەتەکە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت **"بەهۆی ئەوەی کە شا نەیدەویست و ڕێگەی نەدەدا ژینگەیەك بڕەخسێت کەتێیدا گروپە عیلمانییەکان چالاکبن، ئەوە وایکرد هەموو شتێك بۆ گروپە مەزهەبی و ئاینییەکان بەجێبمێنێت، کە دواتر توانیان مزگەوتەکان و دامەزراوە ئاینییەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بەکاربهێنن و خەڵك لەدژی شا پڕبکەن".**

کاتێك لە ٢٢ ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٩ دا ئەمەریکا ڕێگەی بەهاتنی ڕەزا شادا بۆناو خاکی وڵاتەکەی کە ئەوکات گرفتاری نەخۆشییەکی سەختیش بوو، ئەوە زیاتر ئاگری بەردایە ڕق و کینەی شۆڕشگێڕەکان بەرامبەر ئەمەریکا. (بروس لاینجن) دیپلۆماتکاری پێشووی ئەمەریکا و یەکێك لە بەبارمتەگیراوەکان بەدەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە، پرسی دەستگیرکردنیست افی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لەلایەن ئێرانییەکانەوە سەرەتا کارێکی سمبولی بچوك بوو، بەڵام دواتر بابەتەکە گۆڕدراو کاتێك دەیان و سەدان خوێندکار خۆیان هەڵدەواسی بەدیوارەکانی باڵوێزخانەکەدا، ئەوە سۆزێکی زیاتری لەناو خۆپیشاندەران و پشتیوانای شۆڕش دژبە ئەمەریکا دروستکرد.

شیکەرەوە سیاسییەکان پێیانوایە، پرسی دژایەتیکردنی ئەمەریکا لەلایەن سەرانی شۆڕشی ئیسلامی ڕەهەندێکی جیهانیشی هەبووە لەوکاتەدا، یەکێتی سۆڤیەت هەوڵی لاوازکردنی ئەو پەیوەندییەی ڕژێمی شاو ئەمەریکای دەدا، بۆ ئەوەش پاڵپشتی شۆڕشی ئیسلامی دەکرد. هاوکات، کاریگەری فکری چەپڕەوی لەنێو ئیران و ئازەرییەکان بەتایبەتی ڕەهەندی جەمسەرگیری ململانێکانی ئێران و ئەمەریکا ڕوونتر دەکاتەوە.

دواتر چەند ڕووداوێك هێندەی تر درزیان خستە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا، جەنگی ئێران-عێراق و پاڵپشتی ئەمەریکا لەعێراق دیارترین ڕووداوەکان بوو، دواتریش لەساڵی ١٩٨٨ کەشتییەکی دەریاوانی ئەمەریکی لەکەنداوی فارسدا فڕۆکەیەکی ئێرانی دەخاتە خوارەوە و بەهۆیەوە (٢٩٠) ئێرانی گیانیان لەدەستدا.

## جەنگی ئێران- عێراق و رۆڵی ئەمەریکا (١٩٨٠-١٩٨٨)

عێراق هەوڵیدەدا سود لەئالۆزی و ناجێگیری دۆخی سیاسی و ئابوری ئێران وەرگرێت. لەسەروبەدی رووخانی رژێمی شاو گۆڕینی رژێمی حکومداری ئەو وڵاتە. بەوهۆیەشەوە رەتکردنەوەی ناوەرۆکی رێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥) کە تێیدا بەشێك لەکێشە سنورییەکان و پرسی (کەنداوی عەرەب) لەسەر حسابی تواندنەوەی شۆڕشی کوردی نێوان هەردوو وڵات چارەسەرکرابوون. گرژی ئالۆزییەکان و هەڕەشەی جەنگ لەنێوان هەردوو وڵاتدا تادەهات پەرەی دەسەند، تا لە ٢٢ ی سێپتێمبەری سالی ١٩٨٠ جەنگێکی خوێناوی لەنێوان ئێران و عێراق و بەدەستپێشخەری عێراق و لەسەر داوای سەرۆکی ئەوکات (سەددام حسێن) دەستیپێکرد.

لەبارەی هۆکارەکانی دەستپێکردنی ئەو جەنگە، رۆژنامەی نیۆرك تایمز لەزاری بەشێك لە شیکەرەوە سیاسییەکانی ئەوکات و پسپۆڕانی دۆخی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەنوسێت "عێراق دەیویست ببێتە جێگرەوەی ئێران لەگرتنەدەستی دەسەڵاتی یەکەم لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی وڵاتانی دیکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی پلانی ستراتیژی خۆیەوە، هاوکات عێراق لەکاریگەرییەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران دوودڵ بوو و ترسی ئەوەی هەبوو ئاگری شۆڕش بپەڕێتەوە سنورەکانی عێراق و ناوچە زۆرینە شیعەکانی عێراق راپەڕین دژی رژێمی بەعس بکەن".

لەگەڵ ئەو دوو پاڵنەرە سەرەکییەدا، هاوکات عێراق پلانی دیکەشی لەدەستپێکردنی جەنگدا هەبوو، دەیویست ناوچە نەوتییەکانی (خوزستان) کەنارەکانی رۆژهەڵاتی کەنداوی عەرەب بگرێتەوە دەست.

سەرەتا رۆڵی ئەمەریکا لەجەنگی ئێران-عێراقدا بەفەرمی رۆڵێکی بێلایەنانە بوو، چونکە لەو سەروبەندەدا ئەمەریکا پەیوەندییە دپلۆماسییەکانی لەگەل هەردوو وڵات پچڕابوو.

بەپێی زانیارییە ئەرشیفکراوەکانی (زە تایمز)ی ئەمەریکی کە ماڵپەڕی (نیۆرك تایمز) بڵاویکردۆتەوە، دوو ساڵ پاش دەستپێکردنی جەنگ و لەبەهاری ساڵی ١٩٨٢ دا، ئیدارەی ئەمەریکا بڕیاردەدات بەنهێنی زانیاری وردی هەواڵگری پیشکەشی عێراق بکات. لەوبارەیەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاو یەکەی هەواڵگری ئەو وڵاتە رایانگەیاندووە. هاوکات لەگەڵ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەواڵگری بەعێراق، رێگەشدراوە چەك و کەلوپەلی سەربازی ئەمەریکیش بەعێراق بفرۆشرێت، تا لەئەگەری دۆڕاندنی جەنگەکە رزگاری بکەن. ئەم هاوکارییانەی ئەمەریکا لەپاش ئەوە هات کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەو

وڵاتە هۆشیاری ئەوەیان دابویە ئیدارەی ئەمەریکا کە عێراق لەلێواری دۆڕاندنی هەمیشەیی جەنگەکە نزیکبوەتەوە بەکاریگەری ئەو چەکە ئەمەریکییانەی کە ساڵێك بەرلەوە لەرێگای ئیسرائیلەوە بە ئێرانییەکان فرۆشرابون. بەوەش ئەوە ئاشکرابوو کە ئەمەریکا رۆلێکی گەورەتری لە سەرپێخستنی جەنگی ئێران-عێراق بینیوە و زیاتر لەوەی کەئاشکرابوو بوو.

ئەم دەستێوەردانانەی ئەمەریکاش پرسیاری زۆری خستە سەر راگەیەنراوەکانی کۆشکی سپی کە هەمیشە لەسەرەتای جەنگەوە جەختیان لەبێلایەنبوونی ئەمەریکا دەکردەوە، دەرکەوت ئیدارەی ئەمەریکا یارمەتی هەردوو لایەنی داوە بەو هیوایەی هیچ کام لەو دوو وڵاتە هەژمونی تەواویان بەسەر ناوچە دەوڵەمەند بەنەوتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبێت.

بڕیاری نهێنی ئیدارەی ئەمەریکا بۆ پێدانی خزمەتگوزاری هەواڵگری بەعێراق سەرەتا لەلایەن رۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمەریکی و لەمانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٨٦ دا ئاشکرا کرا، رۆژنامەکە ئامازەی بەوەکردبوو کە هاوکارییەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ەوە دەستیان پێکردبوو، دواتر دەیان راپۆرتە لەسەر چۆنیەتی پرۆگرامی هاوکاریکردنەکە بڵاوکرانەوە.

دواتر بەپێی لێدوانی بەرپرسانی کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە و دەزگای هەواڵگری، بڕیاری هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق و گواستنەوەی چەکی ئەمەریکی بەنایاسایی لەڕێگای هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاوە لەکەنداوی عەرەب زووتر دراوە و ئیدارەی ئەمەریکا بەمەبەست گوێی پێنەداوە.

هەروەها لەلێدوانی بەرپرسانی ئەوکاتی ئەمەریکادا هاتووە کە ئیدارەی ئەمەریکا لیژنەکانی هەواڵگری لەئەنجومەنی نوێنەران و خانەی پیران لەو هاوکاریکردنەی عێراق ئاگادارنەکردۆتەوە، بەو بیانوەی کە ئەو پەیوەندییە تەنها پەیوەندییەکی هەواڵگری ئاسایی بووە لەنێوان هەردوولادا، جۆری هاوکارییەکەش چالاکییەکی گشتی ناپۆڵێنکراو بووە لەلایەن (CIA). بەپێی زانیارییەکان (CIA) تەنانەت لیژنە رێگە پێدراوەکانیشی بۆ فرۆشتنی چەك بە عێراق لە پێدانی زانیارییە هەواڵگرییەکان ئاگادار نەکردۆتەوە، هەر لەبەرئەوەش چەند لیژنەیەکی خانەی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران پێکهێنران بۆ دۆزینەوەی زانیاری تەواو لەسەر چۆنیەتی ئەو پەیوەندییە لەساڵی ١٩٨٣ دا بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە بەدەستهێنانی زانیاری.

دواتریش لەگەڵ هاتنی (رۆبێرت گەیتس) وەك سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی (CIA) دیسانەوە هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی کاتی دیاریکراوی هەماهەنگییەکانی نێوان ئەمەریکاو

عێراق و چۆنیەتی رازیبوونی ئیدارەی ئەمەریکا بە ناردنی چەك بۆ عێراق لەلایەن هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاوە ئاشکرا نەکرا، بەوێیەی لەوەڵامی پرسیارێکی سیناتۆر (بیل برادلی) دیموکرات کە پرسیاری ئەوەی ئاراستەکرد ئایا ئەو هەماهەنگییە هەواڵگرییەی ئەمەریکا بۆ عێراق کاری نهێنی ئاراستەکراو بوون یان نا، گەیتس لەوەڵامدا وتی **"لەوکاتەیا پێموابوو کە وایە، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت تەنها بوونی پەیوەندی ئاسایی نێوان هەردوو وڵات بووە".**

تا ساڵی ١٩٧٥ و هەموارکردنەوەی یاسای یارمەتیدانی دەرەکی، (CIA) بۆی هەبووە پارە بۆ کاری نهێنی خەرج بکات بەبێ ئاگادارکردنەوەی لیژنە هەواڵگرییەکانی خانەی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران، بەڵام دواتر لەگەڵ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایەدا پێویستبوو سەرۆکی ئەمەریکا ئاگاداری چالاکییە نهێنییەکان بێت و لەکاتێکی گونجاودا لیژنەکانی هەواڵگریشی لێ ئاگاداربکاتەوە، دواتر بەپێی زانیارییەکان زۆربەی شارەزایانی هەواڵگری ئەمەریکی لەگەڵ ئەو رایە بوون کە پێویستبوو لیژنە هەواڵگرییەکان ئاگاداربکرانایە، بەڵام لەبەرئەوەی لەوکاتەدا بەشێك لەئەندامانی لیژنەکان پشتیوانی تەواوی ئیسرائیل بوون، سەرۆکی ئەمەریکا کارەکەی خستۆتە چوارچێوەی سیاسەتی ( نهێنی باڵا).

جەنگی ئێران- عێراق لەسەروبەندی جەنگی ساردی نێوان ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا بوو، ئەمەریکا هەمیشە پرسی رێگرتن لە بڵاوبونەوەی فکری کۆمۆنیزمی بەلاوە گرنگ بوو، عێراقیش لەوسەردەمەدا کە بە دۆستی یەکێتی سۆڤیەت ناوزەند دەکرا، پێویستی بەوە هەبوو کە هەنگاوێك بەئاراستەی دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم بڕوات، بۆ ئەوەش سەرکوتکردنی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی لەلایەن رژێمی بەعسەوە و لەساڵی ١٩٨١ دا بەس بوو بۆ ئەوەی ئەمەریکا هەنگاوێك لەعێراق نزیك ببێتەوە.

لەبەرامبەر سەرکوتکردن و کوشتن و دەستگیرکردنی سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستدا، ئەمەریکا عێراقی لەلیستی ئەو وڵاتانە دەرهێنا کە پشتیوانی تیرۆردەکەن. هەرچەندە دواجار لەگەڵ داگیرکردنی کوەیت لەساڵی ١٩٩٠ دا جارێکی تر خزێنرایەوە ناو لیستی پشتیوانانی تیرۆر، بەڵام بریاری ئەوکاتی ئەمەریکا لەسەروبەندی جەنگی ئێران عێراقدا ئاماژەیەکی گرنگ بوو بەئاراستەی یەکلاییبوونەوەی هەڵوێستی ئەمەریکا لەو جەنگەدا. جگە لەمە ئەمەریکا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ عێراق چاککردەوە و هەوڵی پەرەسەندنی زیاتری دا و بڕیاریدا فڕۆکەی (بۆوینگ) ی جەنگیشی پێبفرۆشێت.

### فرۆشتنی چەك بە ئێران و یاخیبوانی نیکاراگوای ( ١٩٨٤ )

لەسەروبەندی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا لەساڵی ١٩٨٤، سەرۆك ریگن لەو پەڕی ناوبانگی خۆیدا بوو کە دروشمی (دەمەوبەیانە لەئەمەریکا) و (ئەمەریکا گەڕایەوە) بەرزکردبووەوە وەك ئامازەیەك بۆ هەڵهاتنی رۆژێکی نوێ، ریگن جەختی لەسەر باشترکردنی باری ئابوری ئەمەریکا و نوێکردنەوەی سەرکردایەتییەکەی دەکردەوە.

باکگراوەندی ئەو کارە نایاسایی و ئابڕوچونەی سەرۆك ریگن، وەك ئەوەی ئەمەریکییەکان وێنای دەکەن، پەیوەندی بەبڵاوبونەوەی فکری کۆمۆنیزم هەبوو کە مەترسییەکەی بۆ ئیدارەی ئەوکاتی ئەمەریکا گەورەتر بوو بەوپێیەی ئەو فکرەیە گەشتووە ئەمەریکای ناوەڕاست. لەساڵی ١٩٧٩ دا بزوتنەوەی ئازادیخوازی(ساندینستا) توانیبوی رژێمی دیکتاتۆری سەرۆك (ئاناستاسیۆ دیبالی) لەدەسەڵات دووربخاتەوە، لەو سەروبەندەشدا ئیدارەی ریگن مەترسی ئەوەیان هەبوو کە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەت پارتێکی چەپڕەو دەبێتە هەوێنی بڵاوبونەوەی شۆڕش لەناوچەکەداو مەترسی بۆسەر ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکا دەبێت. بۆ رووبەرووبونەوەی ئەم ئەگەرە، ئیدارەی ئەوکاتی ئەمەریکا رێژەیەکی زۆر هاوکاری سەربازی پێشکەشی حکومەتەکانی ئەمەریکای ناوەراست کرد، کە لەوکاتەدا ئەو ناوچەیە تەنرابوو بەشەڕی گەریلا و جەنگی ناوخۆیی.

لەپرسی پەیوەندیدار بە نیکاراگوای، سەرنجی ئەوکاتی ئەمەریکا لەسەر پەخستنی حکومەت و وەلانانی پارتە مارکسییەکەو رژێمەکەی ( ساندینستا ) بوو. رێگەی گونجاو دۆزرایەوە بۆ ناردنی چەك و پێداویستی گروپە یاخیبووەکانی ئەوکات کە پێیاندەوترا (کۆنتراس) بۆئەوەی شەڕی ئامانجەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە بکەن. لەئاستی ناوخۆیی ئەمەریکا، خەڵکی دژی ئەمجۆرە هاوکارییانە بوون، کاتێك کۆنگرێس یاسایەکی بۆ قەدەغەکردنی ئەو جۆرە هاوکارییانە دەرکرد، کۆشکی سپی بەبیانوی چالاکی نهێنی درێژەی بەهاوکارییەکاندا.

سەرۆکی ئەوکاتی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمەریکا (رۆبێرت مکفارل) لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی و بەرێنمایی سەرۆك ریگن دەستیکرد بەفرۆشتنی چەکی دژە تانك و دژە فڕۆکە بە ئێران بەبیانوی رزگارکردنی ژمارەیەك هاوڵاتی ئەمەریکا کە ئەوکات لەلوبنان بەبارمتەگیرابوون لەلایەن گروپێکی شیعەی نزیك لەئێران. بەمجۆرە فرۆشتنی چەندین جارەی چەکی ئەمەریکی بەئێرانییەکان لەساڵی ١٩٨٦ دا پێچەوانەی سیاسیەتی ئەوکاتی ئەمەریکا بوو بۆ رەتکردنەوەی هەر جۆرە مامەڵەیەك لەگەڵ تیرۆرستان و تەنانەت بڕیاریش بوو کە ئەمەریکا یارمەتی ئێران نەدات لەشەڕی دژی عێراقدا، بەتایبەتیش ئەوکات باوەڕ

وابوو کە ئێران پشتیوانی تیرۆرە لەجیهاندا. داهاتی ئەو چەکە فرۆشراوانەش بە ئێران (٤٨ ملیۆن دۆلار) بوو کە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەوکاتی ئەمەریکا پێشکەشی گروپی (کۆنتراس)ەکانی ئەوکاتی نیکاراگوای کرد بۆ رووبەرووبونەوەی حکومەت.

رادەستکردنی پارەکەش لەلایەن (ئۆلیڤەر نۆرز)ەوە بوو لەسەر رێنمایی سەرۆکی ئەنجومەن و دامەزراوەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش لەلایەکی ترەوە پارەی پێویستیان بۆ یاخیبوانی نیکاراگوای کۆکردەوە. ئەو چالاکییانەی ئەوکاتی کۆشکی سپی پێچەوانەی یاسای هەموارکراوی (بۆلاند) بوو کە لەساڵی ١٩٨٤ دا لەلایەن کۆنگرێسەوە دەرکراو تێیدا رێگری کرد لەهەر جۆرە هاوکارییەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی (کۆنتراکان).

کارە نایاساییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لەنۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٦ دا ئاشکرابوو و بەهۆیەوە دەنگی ناڕەزایی بەرزبویەوە. لەوکاتەشدا ئیدارەی کۆشکی سپی ناچارکرا دان بەوەدا بنێ کە بەپارەی فرۆشتنی چەك بەئێران یارمەتی (کۆنتراکان)ی نیکاراگوایان داوا کە خودی فرۆشتنەکەش نایاسایی بووە و دژ بەیاسای بازرگانی وڵاتەکە بووە. ئەوکات (ئۆلیڤەر نۆرز) کە بەرپرسیارێتی گەیاندنی هاوکارییە مادییەکانی هەڵگرتبوو رایگەیاند کە سەرۆك ریگن و جێگرەکەی(جۆرج بۆش) ئاگاداری ئەو هاوکارییە بوون، دواتر ئەوانیش رەتیانکردەوە ئاگاداری کارێکی لەوجۆرەبن و هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەستدا نەبوو بۆ تێوەگلانیان.

### هەوڵی سەرپێخستنی بەرنامەی ئەتۆمی و کاردانەوەی ئەمەریکا (٢٠٠٥)

لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ئێران هەنگاوی کرداری بۆ سەپێخستنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ناو بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵیدا سود لەتواناکانی زانای پاکستانی (عەبدول قادرخان) وەرگرێت، کە بەباوکی بەرنامەی چەکە ئەتۆمییەکانی پاکستان بەناوبانگە. قادرخان لەتوێژینەوە و داهێنانەکانیدا وڵاتانی دیکەی وەك چین و کۆریای باکور و لیبیای بەشدارکردووە، هەرچەندە ئەو هاوکارییە تا ساڵانی دواتر ئاشکرانەکران.

ساڵی ٢٠٠٥ ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی گەشتە ئەو بڕوایەی کە هەڵوێستەیەك لەسەر بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران بکات کاتێك بەرپرسانی ئێرانی بەرەسمی دانیان بەوەدانا کە وڵاتەکەیان ساڵی ١٩٨٧ نوێنەری زانا پاکستانییەکەیان بینیوە. دواتر تاران بە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی راگەیاند کە ئێران بەهەنگاوەکانی ئەوان دەرفەتی کڕینی هەندێك کەلوپەلی هەستیاری لەدەستدا کە پێویستبوون بۆ سەرپێخستنی بەرنامەکە.

دواتر بەپێی زانیارییەکان(عەبدول قادرخان)و تۆڕێك لە کۆمپانیای نێودەوڵەتی دەستیانکردووە بەگواستنەوەی وزەی ناوەکی بۆ ئێران، بەوجۆرە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو زانا پاکستانیەو دەسەڵاتدارانی ئێران تا ساڵی ١٩٩٥ بەباشی رۆشتووە تا گەیاندنی تەواوی پارچەو پێویستییەکانی قۆناغی دووەمی بزوێنەرەکان. هەرچەندە دواتر حکومەتی پاکسان رایگەیاند کە پاش گەیاندنی پارچەکانی قۆناغی یەکەمی بزوێنەر، هیچ جۆرە هاوکارییەکی ئێران لەو رووەوە نەکراوە، بەڵام بەپێی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی میدیاکان ئێران رێککەوتنێکی لەگەڵ زانا پاکستانییەکە واژۆکردووە بۆ دروستکردنی (کاسکێتێك)ی پەنجا هەزار بزوێنەری لەقۆناغی یەکەمدا. بەم پێیەش ئێران لەساڵی ١٩٨٩دا تەواوی بەش و پارچەکانی قۆناغی یەکەمی بزوێنەرەکانی بەدەستگەشتووە. هەروەها وابڵاوکرایەوە کە ئەو پارچە و پێویستییانەی کە لەقۆناغی یەکەمدا گەیەنرانە ئێران هەمان ئەو پارچەو پێویستییانە بوون کە قادرخان لەقۆناغی یەکەمی بەرنامە ئەتۆمییەکەی پاکستاندا بەکاریهێنابوون و دواتر بەکاری نەدەهێنان، پاش ئەوەش تەواوی پێویستییەکانی قۆناغی دووەمی بەرنامە ئەتۆمییەکە گەیەنراوەتە دەستی بەرپرسانی ئێران.

دەربارەی دەستێوەردانی لەجەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، ئەمەریکا دەستیکرد بەپاراستنی کەشتی گەلی عەرەب لە (کەنداوی عەرەب- فارس)، کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لەتێکشکاندنی کەشتیگەلی دەریایی ئێرانی. لەنێوان ساڵی ١٩٨١ بۆ ١٩٨٤، کە بەقۆناغی یەکەمی جەنگی دەبابەکان ناسراوە، عێراق تەنها هێلیکۆپتەری ئاسایی بەکاردەهێنا بۆ هێرشکردنە سەر کەشتییەکانی ئێران کە ئاستی فڕینیان نزم بوو. لەقۆناغی دووەمدا کە لەمانگی (مارس)ی ساڵی ١٩٨٤ دەستیپێکرد، هێزی ئاسمانی عێراقی هێرشی کردە سەر ئەو کەشتییە بێلایەنانەی کە روویان لەبەندەری فارس دەکرد. دواتر لەمانگی مارسی ساڵی ١٩٨٤ بەهێرشکردنە سەر کەشتییەکانی کوەیت و سعودیە کە پشتیوانی عێراقیان دەکرد، هەوڵی تۆڵەکردنەوەی هێرشەکانی عێراقیدا. دواتر کوەیت داوای لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کە کەشتییەکانیان بپارێزێت، یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکاتیش بڕیاریدا چاودێری کەشتییەکانی کوەیت بکات بۆ پاراستنیان لەکاتێکدا ئەمەریکا سەرەتا رەتیکردەوە ئەو ئەرکە ببینێت.

دواتر لە ١٧ ی مارسی ١٩٨٧ دا فڕۆکەیەکی جەنگی عێراقی هێرشی کردە سەر کەشتییەکی دەریایی ئەمەریکی بەناوی (ستارك) لەبەشی باکوری خۆرهەڵاتی بەحرەین لەکەنداوی فارس. کەشتییە ئەمەریکییەکە ماوەی دوو مانگ بوو هاتبووە ئەو ناوچەیە و لەکاتی

هێرشکردنەکەشدا لەبەشی رۆژهەڵاتی کەنداوی فارس بووە و سەرقاڵی گەڕان بووە بەدوای مینی ژێر دەریایی. هێرشەکە گیان لەدەستدانی ٣٧ کەس لەئەندامانی ستافی بەڕێوەبردنی لێکەوتەوە و بەرپرسانی واشنتۆنیش بڕیاریاندا پەلەنەکەن لەبڕیاردان و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی ئەو هێرشەی عێراق. دواتر کۆشکی سپی رایگەیاند پێدەچێت هێرشەکە بەهەڵەکرابێت لەبەرئەوەی تا ئەوکات ئەمەریکا بێلایەنی خۆی لەجەنگی عێراق و ئێران پاراستبوو هاوکات هەماهەنگی نێوان عێراق و ئەمەریکاش زیاتر بوو بەجۆرێك چاوەڕێی هێرشێکی لەوجۆرە لەلایەن عێراقەوە نەدەکرا. پاش ئەو رووداوانە، ئیدارەی سەرۆك ریگن رایگەیاند ئەمەریکا چاودێری کەشتییەکانی گواستنەوەی نەوت لەکەناوی فارس دەکات و دەیانپارێزێت لەهەر هەڕەشەیەك لەلایەن ئێرانەوە بێت یان وڵاتانی تر، ئەوەش بەیەکەم هەنگاوی دەستێوەردانی ئەمەریکا لەجەنگی ئێران-عێراق لێکدرایەوە.

## مردنی ئایەتوڵا خومەینی و سەرەتای قۆناغێکی نوێ ( ١٩٨٩)

لەساڵی ١٩٨٩دا جەنگی سارد وەك پرۆسەیەکی جیۆپۆلیتیکی جیهانی کۆتایهات و جیهان پێینایە قۆناغێکی نوێوە. ئەو گۆڕانکارییە هاوکات بوو لەگەڵ مردنی رابەری رۆحی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران (ئایەتوڵا خومەینی) لە ( ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٩). هەڵبژاردنی سەرکردەیەکی تر بەکۆمەڵێك دەسەڵاتی زیاترەوە لەگەڵ زیاتکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەچوارچێوەی رەشنوسی دەستورێکی نوێ هەروا دوو رووداوی ئاسایی نەبوون، بەڵکو دوو رووداوی وەها گرنگ بوون کە کاریگەری زۆریان لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی سەرکردەکانی رژێمی ئیسلامی ئێران هەبوو بۆ گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی نوێ لەهەمبەر سیاسەتی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەجیهانی جیۆپۆڵەتیکدا.

بۆ ئێرانیەکان ئەو قۆناغە بریتی بوو لە دەستپێکی گۆڕینێکی گەورە لە شەرعیەتی شۆڕشگێڕییەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی عەقلانی. لەراستیدا ئەوکاتەی (ئەکبەر هاشمی رەفسنجانی) جێگەی رابەری رۆحی ئەو رژێمە دەگرێتەوە، ئیتر سیاسەتی دەرەوەی ئێران قۆناغی ئایدۆلۆژی و رادیکاڵی خۆی تێدەپەڕێنێت و ئیدی ئەولەویاتی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دەبێتە سیاسەتی پراگماتیکی و بەرگی ئایدیۆلۆژی فڕێدەدات، ئیدی گرنگی لەو ساتەوە ئێران گرنگی بە بەبەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی دەدات و هەوڵدەدات بەجۆرێك کێشەکان چارەسەربکات بیرکردنەوەی لۆژیکی تێدا رۆڵی هەبێت و لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا خۆی بگونجێنێ کەلە واقیعدا بوونی هەیە. ئیدی ئێران لەسیاسەتی دەرەوەیدا پابەندی سەد لەسەدی خۆی بەئایدیایەك و ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە دەرنابڕێت و لەبری ئەوە تەنها

بەرژەوەندی شەقامەکانی تاران بەهەندوەردەگرێت. لەم چوارچێوەیەشدا ڕەفسنجانی لەسیاسەتی دەرەوەیدا لەبری هەوڵدان بۆ گواستنەوەی پریشکی ئاگری شۆڕش، سیاسەتی "دراوسێییەکی باش" ی پەیڕەوکرد.

لە بەرئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە ریشەییەدا، ئێران تێگەیشت کە پێویستە ئارامی کەنداوی عەرەب-فارس راگرێت، پەیوەندییە ئابورییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی جیهان باشترکرد تا بتوانێت ببێتە بە بەشێك لە سیاسەتی ئابوری جیهان، هاوکات بەهۆی بەشداری زیاتری لە رێکخراوە جیهانییەکاندا هەوڵیدا رۆڵی زیاتر لەسیاسەتی جیهان و ناوچەکەدا ببینێت. لەسەروی هەموشیانەوە هەوڵیدا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کەلەسنورەکانی بەشی باکوری وڵاتەکەیدا بەهۆی رووخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە دروستبوو بوو. سەرئەنجام ئەو ناوچەیە بووە ناوچەیەکی ناکۆکی لەسەر لەنێوان ئێران و ئەمەریکا، لێرەوە ناکۆکی زیاتر لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا سەریانهەڵداو پەیوەندییەکانیشان پێینایە قۆناغێکی ترەوە. هەروەها، ناوچەکانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەی سروشتی لە دەریای قەزوین یەکێك لەگرنگترین ئەو هۆکارانەبوون کە پاڵی بە وڵاتانی دیکەوە نا بوونیان لەناوچەکە بسەلمێنن. لەوانەش زیادبوونی پێویستی بەردەوامی چین بەسەرچاوەی سروشتی و نەوتی خاو، پێویستی گەورەی ژاپۆن بە گاز ونەوتی تورکمانستان لەلایەك، هاوکات پێویستی زۆری ئەوروپا بە وزەی سەرچاوە سروشتییەکانی دەریای قەزوین لەلایەکی تر، وایکرد وڵاتانی ناوچەکە و جیهانی سەرنجی زیاتر لە ئێران بدەن و بیر لەمامەڵەی بازرگانی لەگەڵیدا بکەنەوە.

لەهەمووی گرنگتر دۆزینەوەی رێگای پێویست بۆ گواستنەوەی بەرهەمە سروشتییەکانی لە رێگای کەنداوی فارس و دەریای هندییەوە ئێرانی کردە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ و پڕبایەخ، لەو کاتەشدا ئەمەریکا بڕیاردەری سەرەکی بوو لەناوچەکە بەهۆی کۆمپانیا نەوتییەکان و هاوکاری هاوپەیمانەکانی، بەتایبەتیش پشتگیریکردنی هێڵی بۆری (باکو-تفلیس-جیهان) بەمەبەستی کەمکردنەوەی بایەخی ناوچە ستراتیژییەکانی ئێران و رووسیا بۆ گواستنەوەی نەوت و بەرهەمی سروشتی. لەم روەوە بەهۆی تایبەتمەندی پێکهاتەی جوگرافی ئێران کە ناوچەیەکی داخراوە، بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت باشترین ئامێری گواستنەوەیان هەبوو. بەم تایبەتمەندییانەوە کە روونکرایەوە، ئێران سودمەندرین و ئارامترین و کورترین رێگای گواستنەوەو پردی پەیوەندی نێوان وڵاتانی ناوچەی دەریای قەزوین بوو کەرۆڵێکی باشی لەدروستکردنی پەیوەندی نێوان ئەو ناوچەیە و جیهانی دەرەوە دەبینی.

کۆنترۆڵکردنی ناوچە دەوڵەمەندەکان و سەرچاوەی وزەی ئەم ناوچەیە گەرمترین پرسی نێوان ئێران و ئەمەریکا بووە، بەڵگەنامەکان ئەوە ئاشکرادەکەن ئەمەریکا ویستویەتی چالاکییەکانی ئێران لەناوچەکە کەمبکاتەوە ئەویش لەڕێگای کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی سروشتی وڵاتانی دراوسێی، لەهەمان کاتدا ڕێگری لەدروستکردنی هێڵی بۆری نوێ دەکرد بۆ گواستنەوەی نەوت و گاز لەناو ئێراندا، ئامانجی ئەمەریکا لەم هەنگاوە ستراتیژییانە ڕێگریکردنی ئێران بووە لەگواستنەوەی نەوت سەرچاوەی سروشتی وڵاتانی ئاسیا بۆ جیهانی دەرەوە. بۆنمونە لەژێر کاریگەری ئەمەریکادا کە زۆرترین پشکی لێی هەیە، یەکێتی نەوتی نێودەوڵەتی ڕێگای (ئازەربایجان)ی بۆ دروستکردنی هێڵی بۆری نوێ هەڵبژارد، هەرچەندە دەیانزانی لەڕووی ئابوری و ئاسایشییەوە سەلامەتترنیە لە کەنداوی فارس، چونکە بۆرییەکە بەناوچەی چیچانی رووسیا دەگەیەنرایە جۆرجیا، لەوێشەوە بۆ بۆرییە نەوتییەکانی ئازەربایجان.

لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا ئێران هەوڵی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەك لە چین و هندستاندا، وەك قەرەبووی خراپی پەیوەندییەکانی لەگەڵ رۆژئاوا و ئەوروپا، لەوکاتەشدا ئێران سزای زیاتر لەلایەن ئیدارەی کلینتۆنەوە بەسەردا سەپێنرا لەبەرامبەر هەوڵەکانی بۆ سەرپێخستنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و پشتیوانیکردنی گروپە توندڕەوە فەلەستینییەکان. لەبەرامبەردا وەک کاردانەوە ئەمەریکا یارمەتی زۆر حزبە نەیارەکانی حکومەتی ئێرانیدا لەوانەش (گروپی مەلیکییەکان و موجاهیدینی خەڵق). هاوکات ئەمەریکا بەئاشکرا یارمەتی تاڵیبانی دەدا بەمەبەستی دروستکردنی فشار لەسەر ناوچە سنورییەکانی بەشی رۆژهەڵاتی ئێران. لەوکاتەدا تاڵیبان وەك هەڕەشەیەکی جیۆپۆڵەتیکی لەناوچەکە بەکاردەهێنرا بۆ فەرزکردنی داواکارییەکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران، لەهەمان کاتدا کۆنگرێسی ئەمەریکا سەرقاڵی دەرکردنی یاسای ساڵی ١٩٩٦ ی (سزاکانی ئێران-لیبیا) بوو کەتێیدا بڕیاری سزادانی هەر کۆمپانیایەکیاندا کە پرۆژە ٤٠ ملیۆن دۆلارییەکانی ئێران و لیبیا جێبەجێ بکات. لەروانگەی ئێرانەوە ئەم هەنگاوانە نیشانەی ئەوە بوون کە ئەولەویەتی سیاسەتەکانی ئەمەریکا گرنگیدانە بە کەرتی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان ئەو ناوچانەو دەیەوێت لەناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ئەفەریقا کۆنترۆڵیان بکات. لەسەر بنەمای ئەم ئامانجە ئێران بەربەستی سەرەکی بوو لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجە جیۆستراتیژییەکانی لەناوچەکە.

## گۆڕینی سیاسەتی جیۆپۆڵەتیکی ئەمریکا بەرامبەر بەئێران

بە هەڵبژاردنی (جۆرج بۆش)ی کوڕ لەساڵی ٢٠٠١ وەك چل و سێیەمین سەرۆکی ئەمەریکا و زاڵبونی بیری (نیۆ کۆنسێرڤەتیف:محافزکاری نوێ) کەباوەڕبونە بە سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد، لەگەڵ دەستێوەردانی حکومەت لە سیایەتی دەرەوە، کە رەنگدانەوەی لەسەر گۆڕینی سیاسەتی جیۆپۆڵەتیکی ئەمەریکاو وەزارەتی دەرەوە، ئیدی ئەمەریکا سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بنەمای جیهانگەراییەوە گۆڕی بۆ ناوچەگەرایی. جیهانگەرایی لە سیاسەتی جیۆپۆڵەتیکدا بەو جۆرە وێنادەکرێت کە تەواوی بەشەکانی جیهان وەك یەك بەگرنگ دەبینرێت، لەکاتێکدا کە ناوچەگەراکان پێیانوایە بەشێکی جیهان لەڕووی سیاسی و جیۆپۆڵەتیکییەوە لەناوچەیەکی تر گرنگترە و بایەخی زۆرترە و ئەمەریکا پێویستە گرنگی زیاتریان پێبدات. لەم روانگەیەوە، سیاسەتی ئەمەریکا زیاتر گرنگی بەچەند ناوچەیەکی دیاریکراودا لەکاتێکی دیاریکراودا، هەر لەبەرئەوەش لەسەرەتای خولی یەکەمی ئیدارەکەی بۆشدا ئەم گۆڕینە لەلایەن دامەزراوە گەورە ئابورییەکانەوە پێشوازکرا. کۆمپانیاکانی نەوت و کۆمپانیاکانی نەوت و سەرمایەی ئابوری ئەو وڵاتە چاوەڕێی ئەجێندایەکی جیهانی سەربازییان دەکرد کە تێیدا ئەمەریکا هێزی سەربازی خۆی بۆ سەپاندنی ئەجێنداکانی بەکاربهێنێت بەتایبەتی لەپێناوی بەدەستهێنان و زامنکردنی سەرچاوەی زیاتری وزە. لەو چوارچێوەیەشدا ئیدارەی بۆش پلانێکی چڕوپڕی بۆ نەوت و وزە هەبوو لەکێڵگەکانی ناوچەی کەنداوی فارس. لەمانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠١ دا "راپۆرتی سیاسەتی وزەی نێودەوڵەتی" لەلایەن (دیکچینی) جێگری سەرۆکی ئەمەریکاوە ئامادەکرا، تیایدا جەخت لەسەر گرنگی بەدەستهێنان و زامنکردنی وزەی زیاتر بۆ ئێستا و ئایندە ئەمەریکا کرایەوە. لەم راپۆرتەدا بۆش وتی **"پێویستە ئەمەریکا سیاسەتێکی ئەوتۆی بۆ وزە هەبێت کە پلانی ئایدەی تێدا جێگیرکرابێت، بەڵام پێویستییەکانی ئەمڕۆش پڕبکاتەوە، باوەڕم وایە ئێمە وەك ئەمەریکا دەتوانین پەرە بە سەرچاوە سروشتییەکانی خۆمان بدەین و ژینگەکەشمان بپارێزین."**

لەم روانگەیەوە بەشێك لە شیکەرەوە سیاسییەکانی ئەمەریکا پێیانوایە تەنانەت دوای هێرشەکانی (١١ ی سێپتێمبەر)یش شەڕەکانی عێراق و ئەفغانستان زیاتر شەڕی بەدەستهێنان و زامنکردنی سەرچاوەی وزە بوون، وەك لەوەی شەڕی بەرگریکردن بن لەخاکی ئەمەریکا، هەروەها ئەوەش پشتڕاستدەکرێتەوە کە ئەو جەنگانە هەنگاوێك بوون بۆگەشتن بە سەرچاوەکانی وزە لەکەنداوی فارس و ئاسیای ناوین.

هەروەها دەربارەی جەنگی عێراق دەوترا کە داهاتی نەوت دەخرێتە سەر ئەو حسابەی کە ئەمەریکا بەناوی "بودجەی پەرەپێدانی عێراق" تەرخانی کردبوو.

بەڵام هێرشەکانی ١١ ی سێپتێمبەر بونە هۆکاری گۆڕینی تەواوەتی سیاسەتی ئەمەریکا، ئیدارەی بۆش دەستکراوەتر بوو بۆ جێبەجێکردنی هێڵە ستراتیژییەکانی ڕێبازی (محافزکاری نوێ) کە تێیدا حکومەت دەستێوەردانی زیاتر لەسیاسەتی دەرەوە دەکات بۆ جێبەجێکردنی پلانی بەدەستخستن و زامنکردنی سەرچاوەی زیاتری وزە. بۆ ئەو مەبەستەش شەڕی تیرۆر و مەترسی چەکی ئەتۆمی لەهەریەك لەوڵاتانی عێراق و ئەفغانستان کردە ئامرازێك بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لەسنورەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئێران. دیارە ئێران باش لەپلانەکە گەشتبوو بۆیە دەستبەجێ (خاتەمی) رایگەیاند **"هاوسۆزی قوڵی خۆمان بۆ قوربانیانی هێرشەکانی ١١ ی سێپتێمبەر رادەگەیەنین".**

هەروەها خاتەمی بەشداری ئێرانی لەرووبەرووبونەوەی تیرۆر راگەیاند وەك بەشێك لەسیاسەتی دەرەوەی ئێران بۆ هاوبەشیکردن لە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی. شەڕی ئەفغانستان دۆخێکی دیکەی نوێی لەسنورەکانی رۆژهەڵاتی ئێران دروستکرد لەقۆناغەکانی پەیوەندی دوای جەنگی سارد. هەرچەندە لەم جەنگەدا ئێران بێلایەنی خۆی پاراست بەڵام (سی ئێن ئێن) بڵاویکردەوە کە "وەزیری دەرەوەی ئێران (کەمال خەرازی) رایگەیاندووە ئێران لەهاوپەیمانێتی دژی تیرۆر دەکات بەڵام تاران رێگە بەبەکارهێنانی ئاسمانی خۆی نادات بۆ هێرشکردنە سەر ئەفغانستان، هەروەها ئێران سنورە (٥٦٢) کیلۆمەترییەکەی خۆی لەگەڵ ئەفغانستاندا داخستووە، بۆ رێگرتن لەهاتنی پەنابەران بەڕووی وڵاتەکەیدا لەکاتی هێرشەکانی ئەمەریکا.

بەڵام لەئەمەریکا و لە ٢٩ ی کانونی دووەمی ٢٠٠٢ نزیکەی چوار مانگ پاش دەستپێکردنی جەنگی ئەفغانستان، سەرۆك بۆش دەستەواژەی "جەمسەرە شەیتانییەکان" بۆ هەردوو وڵاتی کۆریای باکور و ئێران بەکاردەهێنێت و بەهاوکاریکردنی تیرۆر و هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی تاوانباریان دەکات. لەوبارەوەیە بۆش رایگەیاند **" ئامانجی دووەممان رێگریکردنە لەو رژێمانەی کە پشتیوانی تیرۆر دەکەن و هەڕەشە لە ئەمەریکا و هاوڕێکانی و هاوپەیمانەکانی دەکەن بەدروستکردنی چەکی ئەتۆمی، هەندێك لەم رژێمانە لە پاش هێرشەکانی ١١ ی سێپتێمبەرەوە بەتەواوەتی بێدەنگ بوون، بەڵام ئێمە سروشتی حەقیقی ئەوان باش دەناسین، ئێران بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵی دەستخستنی چەکی ئەتۆمی دەدات و تیرۆریش هەناردەی دەرەوە دەکات، کەمینەیەکی هەڵنەبژێردراویش خواستنەکانی خەڵکی ئێرانیان بۆ ئازادی پێشێلکردووە. وڵاتانی لەمجۆرە و هاوڕێ تیرۆرستەکانیان**

**جەمسەرە شەیتانییەکانن، خۆیان پڕچەك دەکەن بۆ هەڕەشەکردن و دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاشتی جیهانی."**

ئەو لێدوانەی بۆش شتێکی فەرمی ڕاگەیەنراو بوو لەئەمەریکاوە ئاراستەی ئێران کرا، دژایەتیکردنی ئاشکراو فەرمی ئێران بوو لەلایەن ئەمەریکاوە، قسەکانی بۆش لەمیانەی وتاری ساڵانەی تایبەت بەدۆخی سیاسی ئەمەریکا (State of the Union) دا ئاماژەی بۆ کرا، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بابەتەکە گرنگە بۆ ئەمەریکا و پرسی ئێرانیش بەهەند وەرگیراوە. بۆش بە ئاشکرا لەجەنگی دژی تیرۆردا هاوڕێ و هاوپەیمانەکانی لەدوژمنەکانی جیاکردەوە. بەئاشکرا ڕووی لەجیهان کرد و ڕایگەیاند **" ئێوە یان لەگەڵ مانن یان لەدژمانن لەجەنگی تیرۆردا".**

دەستنیشانکردن و جیاکردنەوە هاوڕێ و دوژمنەکان بەتەواوەتی کارێکە پەیوەندی بە سیاسەتی جیۆپۆڵەتیکی ئەمەریکاوە هەیە، زۆر پێویستە ڕچاوی ئەوە بکرێت، بەبێ گوێدانە دۆخی سیاسی وڵاتانی دیکەی جیهان، ئەو وتارە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی سەرۆك و ئیدارەکەیەتی. وتاری ساڵانەی تایبەت بەدۆخی سیاسی ئەمەریکا، وەك ئەوەی دەوترێت، وتارێکە لەکۆمەڵێك دید و تێڕوانینی ستراتیژی پێکدێت کە حکومەت لەپێکهێنانی سیاسەتی دەرەوەیداو لەبارەی وڵاتانی دیکەوە دەیانخاتەڕوو. لەم وتارەی ئەمەریکادا، ئەو دیدو تێڕوانینە جیۆپۆڵەتیکیانە بەتەواوەتی دوژمنایەتیکردنی ئێران و هەندێك وڵاتی دیکەی تێدا بوو، کە دەرئەنجامەکەی بریتیبوو لەهەڵگیرسانی جەنگی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ دا.

لێرەوە ئەم دیدە سەری هەڵدا کە پاش هێرشەکانی ١١ سێپتێمبەر دۆخی جیهان لەحاڵەتی ئاشتییەوە گۆڕا بۆ حاڵەتی شەڕ.

ئەم بابەتەش دەستپێکردنی جەنگێکی نوێ بوو لەسنورەکانی بەشی ڕۆژئاوای ئێران، ئەمەریکا بەجەنگی عێراق ئێرانی خستە دۆخێکی جیۆپۆڵەتیکی بنبەستکراو.

داگیرکردنی عێراق وەك جوڵەی ناتۆ بەرەو ڕۆژهەڵات، وجودی ئیسرائیل و ئەمەریکا لەئازەربایجان و وجودی سەربازی لەئەمەریکا و ئاسیای ناوین لێکدرایەوە. هاوکات شەڕی ئەفغانستانیش وەك وجودی سەربازی ئەمەریکا لە سنورەکانی کەنداوی فارس لێکدرایەوە. بەکورتی، ئێستا ئێران بەوڵاتانی داگیرکراو لەلایەن ئەمەریکا یان کۆنترۆڵکراو لەلایەن ئەمەریکاوە دەورەدراوە.

### بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و سیاسەتەکانی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

هەرچەندە کێشەکانی ئێستای ئێران و ئەمەریکا لەرووکەشدا پەیوەندی بە چەکی ئەتۆمی و پرۆگرامە ناوکییەکەی ئێرانەوە هەیە، بەڵام لەجەوهەردا کێشەی سەرەکی ململانێی بەرژەوەندییەکانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەپێی زانیارییەکانی **(ستراتیژی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکا)** لەساڵی ٢٠٠٦، سەرەکیترین بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتین لە:

**یەکەم/ زامنکردنی ئاسایشی نەوت و گاز.**
**دووەم/ دوورخستنەوە و نەهێشتنی مەترسی رێکخراوە تیرۆرستییەکان.**
**سێیەم/ رێگرتن لەبڵاوبونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ و بەرنامەی ئەتۆمی.**
**چوارەم/ هێشتنەوەی ئیسرائیل بەبەهێزی، وەك دەوڵەتێکی خاوەن توانای سەربازی باش لەناوچەکەدا.**

ئیدارە یەك لەدوای یەکەکانی ئەمەریکا لەماوەی رابردوودا هەمویان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئامانجی سەرەکی ئەمەریکا پەرەپێدانی دیموکراسی و ئازادی بازرگانی و ئابورییە لەناوچەکەدا. هەرچەندە لەرووکەشدا ئەمە کێشەکەیە، بەڵام لە راستیدا پرسی دیموکراسی و ئابوری گەشەکردوو تەنها ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی چوار ئامانجە ستراتیژییە ئاراستەکراوەکەی سەرەوە. ئەو ئامانجانەش بەتەواوەتی بەیەکەوە بەستراون و پاشەکشەکردن لەهەر یەکێکیان دەبێتە هۆی شکستهێنانی ئەوەی دیکە، بۆ نمونە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و کۆمەڵکوژە لەناوچەکە و گەشتنی بەدەستی هەندێك رژێم مەترسی بڵاوبونەوەی گروپە تیرۆرستییەکان و هەڕەشەکانیان بۆسەر ئاسایشی ئەمەریکا زیاتردەکات. بەهەمان شێوە تیرۆر مەترسی بۆسەر ئاسایشی وزە و ئیسرائیل دەبێت. لەبەرئەوە ئەمەریکا پێیوایە ئەو بەرژەوەندی و ستراتیژانەی لەناوچەکە کاری لەسەردەکەن هەموو یەك پاکێجن و پێکەوە کاریان بۆ دەکات.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە ئەو چوار ئامانجە ستراتیژییەی ئەمەریکا کە لەسەرەوە باسکرا هەموویان لەگەڵ ئامانجەکانی ئێران لەناوچەکە پێچەوانە دەوەستنەوە و توشی بەریەککەوتن دەبن. لەسەروی هەموشیانەوە وەك راستیەك کە بەربەست لەبەردەم هەنگاوە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا دروستدەکات ئەوەیە:

**یەکەم:** ئێران بۆ پرسی گاز و نەوت و گەیاندنی بەبازاڕەکانی دەرەوە لەژێر کاریگەری ئەمەریکادا نیە و هیچ پێویستییەکی بەو نابێت. جگە لەوە، ئێران دەتوانێت کێشە بۆ هێڵی

گواستنەوەی نەوتی (گەرووی هورمز) دروستبکات و لەبری ئەوە هەڵی گواستنەوەی نەوتی خۆی بخاتەکار و پەیوەندی و گرێبەستی لەوجۆرە لەگەڵ رووسیا و چین و تورکیا و لەئایندەش یەکێتی ئەوروپا وازۆبکات.

**دووەم:** ئێران گەورەترین پشتیوانی حەماس و حزبوڵایە لەناوچەکە، ئەمەش ئاڵۆزی زیاتر لەناوچەکە دروستدەکات و مەترسیش بۆ ئاسایشی ئیسرائیل زیاترکردووە.

**سێهەم:** ئەمەریکا دەڵێت ئێران دەستێوەردان لەعێراقدا دەکات و رێگری سەرەکییە لەسەقامگیریی و ئاشتی لەو وڵاتە و گەورەترین رێگریشە لەبەردەم پرۆژەی ئەمەریکا بۆ پەکخستنی گروپە رادیکاڵییە توندڕەوەکانی ناوچەکە. لەمبارەیەوە (جەنەڕاڵ پاتریۆس) فەرماندەی پێشوی هێزەکانی هاوپەیمانان لەعێراق رایگەیاند **"خراپترین رۆڵ کە ئێران لەعێراق و ناوچەکە بینیویەتی راهێنان و پاڵپشتیکردن و چەکدارکردنی چەند گروپێکی رادیکاڵی توندڕەوە بەناوی گروپە تایبەتەکان، کە ئەمانە باری سەرنجی سەرکردەکانی عێراقیان دەربارەی ئێران گۆڕیوە، لە ئایندەشدا ئەم گروپانە گەورەترین بەربەستدەبن لەبەردەم پێشکەوتنی دیموکراسی لەعێراقدا. "**

هاوکات، دروشمە توند و رادیکاڵییەکانی ئەو گروپانەی ئێران لە لوبنان و فەلەستین و عێراق پشتگیرییان دەکات و دژبە ئیسرائیلن پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ ستراتیژێکی دیکەی ئەمەریکا لەناوچەکە کە پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلە. لەهەموشی گرنگتر، هەنگاوەکانی ئێران بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بۆ ئەمەریکا بوەتە کابوس و بەمەترسیترین هەنگاو بۆ ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکا لێکدەدرێتەوە. ئەگەر ئێران ببێتەخاوەنی چەکی ئەتۆمی یان بەرنامە ئەتۆمییەکەی پێشبخات ئەوا بە یەکجاری تەواوی ستراتیژ و ئامانجەکانی ئەمەریکا شکستپێدەهێنێت، بۆ نمونە زامنی بەردەوامبونی رژێمەکەی خۆی دەکات، دەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێکان لەناوچەکە، لەحاڵەتی گواستنەوەشی بۆ دەستی گروپە تیرۆرستییەکان ئێران بەشێك لەستراتیژی خۆی لەناوچەکە جێبەجێدەبێت و کاریگەری بەجۆرێك لەناوچەکە زیاددەکات کە گۆڕانکاری لە باڵانسی هێزدا دروست دەکات.

دەوڵەتی ئێران بەشێوەیەکی بنەڕەتی دوو ئامانجی سەرەکی لە روبەروبونەوەی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا هەیە ئەویش:

**یەکەم:** پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی و زامنکردنی هێشتنەوە رژێمی حکومڕانەکەی.

**دووەم:** کار بۆ ئەوە دەکات ببێتە هێزێکی باڵادەست لەناوچەکەدا.

ئەوەی روون و ئاشکرایە ئێران لەوە تێگەشتووە کە وجودی ئەمەریکا بەو کاریگەرییەوە دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ ئاسایشی وڵاتەکەی، پەنابردن بۆ سەرپێخستنی بەرنامە ئەتۆمییەکەش بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسییانە و راگرتنی باڵانسە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان.

ئێران لەرووی جیپۆڵەتیکییەوە چەند پێگەیەکی گرنگی هەیە، بۆ نمونر ئێران دەستی دەگات بە دوو ناوچەی گرنگ و دەوڵەمەند بە نەوت کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای قەزوینە. هەروەها کۆنترۆڵکردنی هێڵی گواستنەوەی نەوتی لە جەمسەرەکانی باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا، هەروەها توانای کۆنترۆڵکردنی گەرووی هورمز ئێرانی کردۆتە یەکێك لە یاریکەرە گرنگەکانی ناوچەکە. جگە لەمەش، ئێران خاوەنی دووەمین گەورەترین نەوتی ژێر زەوییە کە نزیکەی ١١.٤٪ی کۆی نەوتی ژێر زەوی هەموو جیهان پێکدەهێنێت. هەروەها خاوەنی ١٥.٥٪ی کۆی غازی ژێر زەوی هەموو جیهانە. لەساڵی ٢٠٠٦ دا ئێران چوارەمین وڵاتی هەناردەکاری نەوت و گازی سروشتی بوو لەجیهاندا. لەئێستاشدا بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران ٤.٣ ملیۆن بەرمیلە لە رۆژێکدا کە دەکاتە نزیکەی ٥.٤٪ی تەواوی بەرهەمی نەوتی جیهان. بڕی تەواوەتی سامانی سروشتی ژێرزەوی ئێران لە بەرهەمی گاز و نەوت تا ئێستا بەتەواوەتی دیارینەکراوە، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی تا ئێستا خراوەتەڕوو یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان لەو رووەوە. سەرەڕای ئەوەی توانای بەکارخستنی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتو لەبەرهەمهێنانی نەوتدا، بەبەراورد بە وڵاتانی دیکەی جیهان، وەك پێویست نیە، بەڵام هێشتا ئێران کاریگەری لەسەر بازاڕی نەوتی جیهان هەیە. سێیەم هۆکار کە ئێرانی پێشخستووە بەبەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە بوونی دانیشتوانێکە کە تەمەنیان لەگەنجییەوە نزیکە و پڕتواناو وزەن و ئاستی رۆشنبیریشیان پێشکەوتووە. دوو لەسەر سێی دانیشتوانەکەی کە نزیکەی ( ٧ ملیۆن کەسە) تەمەنیان لەخوار ٣٠ ساڵەوەیە. تەنها خاڵی لاوازی پێکهاتەی دانیشتوانی ئێران ئەوەیە کە فرە نەتەوەیە، ئەوەش کاتێك سلبییە کە نەتوانرێ ئازادی تەواویان بۆ فەراهەمبکرێت و رێز لەمافەکانیان بگیرێت. فرەنەتەوەیی

گەلانی ئێران بەس لەدیدی ئەم رژێمەوە خاڵێکی لاوازە چونکە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە مافی نەتەوە ژێردەستەکانیان نەپاراستووە و نەتەوەی فارسیان کردۆتە سەردەستی نەتەوەکانی تر. لەلایەکی دیکەوە، فرە نەتەوەیی رێگە بۆ وڵاتانی دیکە خۆشدەکات دەست وەردەنە کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە.

خاڵی کۆتایی و گرنگ دەربارەی پێگەی ئێران لە ناوچەکە و جیهان، مێژووی دورودرێژی ئێرانییەکانە وەك نەتەوە و ئەو دەسەڵاتە بیرۆکراتیانەی کە هەیبووە هێزێکی زیاتری داوەتە رژێمەکە. سەرەڕای دەوڵەمەندی سەرچاوە سروشتییەکانی، بەڵام هێشتا خاڵی لاوازی رژێمی ئێران ئابوری وڵاتەکەیە کە هێشتا لەژێر رەحمەتی کارگەری ئابوری جیهانیدایەو ئەمەریکا بەتایبەتی لەڕێگای هاوپەیمانەکانییەوە کاریگەری لەسەری هەیە.

لەبەرامبەردا، ئەمەریکاش ئێران وەك گەورەترین هەڕەشە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەناوچەکەدا دەبینێت. لەدیدی ئیدارەی ئەوکاتی بۆشەوە رژێمی ئێران پشتیوانی تیرۆر دەکات، مافی گەلەکەی پێشێل دەکات، هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدات، بەوەش هەوڵی تێکشکاندنی ئاسایشی ناوچەکە دەدات و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ ئیسرائیل. بۆ نەهێشتنی ئەم هەڕەشانە، پێویستە گەلانی ئێران لەم رژێمە رزگاربکرێت. هاوکات پێویستە سیستمێکی دیموکراسی وەهای تێدا دابمەزرێنرێت کە بتوانێ لەڕووی دیموکراسی و ئابورییەوە ئێران بکاتەوە بەبەشێك لەجیهان. لەبەرامبەر هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ دوورخستنەوەی ئەو رژێمە، دەسەڵاتدارانی ئێران هەوڵی سەرپێخستنی بەرنامەی ئەتۆمی دەدەن وەك قەڵغانێك بۆ پاراستنی رژێمەکەیان و پێیانوایە لەئەگەری سەرکەوتنی ئەو هەنگاوەدا دەتوانن تەواوی هەڕەشەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە لەسەر خۆیان دووربخەنەوە.

لەئێستاشدا، تەواوی کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا کە هۆکارگەلێکی زۆر و مێژوویەکی قوڵی هەیە لەتەنها خاڵێکدا کۆکراوەتەوە کە ئەویش پرسی چەکی ئەتۆمییە. بۆ ئەمەریکا کە ئامانجی سەرەکی دوورخستنەوەی ئەو رژێمەیە، پێویستە رێگری لە ئێران بکات کە دەستی بەچەکی ئەتۆمی و بەرنامەی ئەتۆمی بگات. هاوشێوەی کۆریای باکور کە ئێستا لەدەرەوەی خواستەکانی ئەمەریکا هەندێك جار گەمەی سیاسی خۆیدەکات، ئێرانیش بەنیازی ئەوەیە لەپاڵ بەرنامە ئەتۆمییەکەیدا بەهەمان ئاواتی کۆریای باکور بگات.

## توندکردنەوەی سزا ئابورییەکان و ئامانجەکانی ئەمەریکا

دروستکردنی کاریگەری لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دەستبەرداربونی ئامانجە ستراتیژییەکان و راهێنانی لەگەڵ خواستەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە، بەشێك بووە لە یارییەکی دورودرێژی ئیدارە یەك لەدوای یەکەکانی ئەمەریکا. بۆ ئەمەش ئالۆزی سیاسەتی ئێرانییەکان و کێشەی زۆرو بەردەوامی رژێمە ئیسلامییەکانی ئێران پێدەچێت هۆکاری سەرەکی ئەوەبن کە بۆچی لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا  ئەمەریکا ناچاربوە بگەڕێنەوە هەمان رێچکەی سەرەتایی خۆی بۆ ناچارکردنی ئێران و بەدەستهێنانی ئامانجی باشتر لەبارەی ئەو رژێمەوە. دەرئەنجامەکانیش لەماوەی هاتنە پێشەوەی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەپاش رووخانی شا تاکو ئێستا یاریکردن بووە لەنێوان بەشدارییپێکردنی ئەو رژێمە لەچارەسەرکردنی کێشەکان یان گۆشەگیرکردن و توندکردنەوەی سزاکان لەسەری، بەشێوەیەکی گشتیش دەرئەنجامەکانی ئەم یارییە بەردەوامانەی ئیدارەی ئەمەریکا بەرامبەر ئێران سنورداربووە و تا ئێستا نەگەشتونەتە خاڵێکی یەکلاییکەرەوە.

نمونەی بەشدارییپێکردنی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەچارەسەرکردنی کێشەکان وەك تاکتیکێکی سیاسی ئیدارەی ئەمەریکا، راکێشانی ئەو رژێمە بوو بۆ دیالۆگی جدی و دیپلۆماسیانە لەپاش هەوڵێکی ئاستبەرزی جدی لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە. ئامانجی سەرەکی لە بەشدارییپێکردنی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ چارەسەرکردنی پرسی چەکی ئەتۆمی و گەیاندنی بوو بۆ ئاستێکی بالاتری جیهانی تا کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بن لەچارەسەرکردنی کێشەکە.

لەراستیدا ئامانجی سەرەکی پشتەوەی ئەم هەوڵەی ئەمەریکا وەك بەشێك لەسیاسەتی دیموکراتەکان، راگرتنی هەنگاوەکانی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی ئێران بوو بەدورخستنەوەی بەرژەوەندییەکانی رووسیا  لەو پرسەدا، چونکە لەو قۆناغەدا رووسیا سودی زیاتری لەچڕکردنەوەی هەوڵەکانی ئێران دەبینی بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکانیان و بەدەستهێنانی ئامانجی ستراتیژی زیاتر لەناوچەکە، بەواتایەکی تر لەحاڵەتی بێئومێدبونی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، ئێران پێویستی زیاتری بە رووسیا و هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدا هەبوو، هەنگاوە هاوبەشەکانی ئێران و رووسیاش لە سوریا نمونەی بەرچاوی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەیە.

هاتنی (دۆناڵد ترەمپ) وەك جێبەجێکاری سیاسەتی کۆمارییەکان ئەو تێڕوانینەی ئیداری کۆشکی سپی بۆ بەشدارییپێکردنی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەچارەسەرکردنی

پرسەکاندا گۆڕی و لە ئێستادا واشنتۆن خۆی بەدووردەگرێت لەهەوڵی دیپلۆماسی و زیاتر پەنا هەنگاوی توندتر دەبات بە توندکردنەوەی فشارە ئابورییەکان.

ئاماژەکانی سەرکەوتنی ئەم هەنگاوەی ئیدارەی ترەمپ، جیاواز لەئیدارەکانی دیکەی ئەمەریکا، لەهەندێك گۆڕانکاری ناوخۆیی ئێراندا خۆی دەبینێتەوە کە لە قۆناغەکانی دیکەدا بوونیان نەبووە، ئەویش:

**یەکەم:** بوونی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەردەوامی گەنجان و قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکانە لەسەر شەقامەکانی تاران. هەندێك لە شیکەرەوە سیاسییەکان پێیانوایە ئەمە وەڵامی کۆنکرێتی ئەمەریکایە بۆ دوورخستنەوەی ئەو رژێمە چونکە دووبارەبونەوەی هەمان ئەو دیاردەیەیە کە رژێمی شای پێ رووخاو رژێمێکی نوێ بەهۆیەوە هاتە پێشەوە کە ئەویش جوڵاندنی شەقامی گەنجان و قوتابیانە بەتایبەتی.

**دووەم:** دابەشبونی نوخبەی سیاسی ئێران بۆ چەند بەرەیەکی جیاواز، بەتایبەتی لەپرسی سیاسەتی دەرەوە و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی سیاسەتەکانی ئەمەریکا

**سێیەم:** تا ئێستا فشارەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پرسی چەکی ئەتۆمی ئێران بەمجۆرەی ئێستا گەورە و کاریگەر نەبووە.

ئەم دۆخەی ئێرانیش مەترسییەکانی سەرکەوتنی سیاسەتی ئێستای ئەمەریکای زیاتر کردووە پاش چەندین جار شکستی یەك لەدوای یەك.

پێچکردنەوەی سیاسەتی ئەمەریکا بەئاراستەی فشاری زیاتر و هەڵگرتنی هەنگاوی توندتر چاوەڕوانکراو بوو، سەلمێنراوە توندکردنی سزا ئابورییەکان لەماوەی (٣٠) ساڵی رابردوودا ئامرازێکی سیاسەتی ئەمەریکا بووە بەرامبەر تاران.

بەکارهێنانی فشاری ئابوری وەك رێگایەك بۆ پەرتەوازەکردنی دەنگە لاسارەکانی ئێران لەوکاتەوە دەستیپێکرد کە ئەمەریکا دەستی بەسەر سامان و موڵکەکانی ئێراندا گرت، لەبەرامبەر دەستبەسەراگرتنی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە ئێران لەساڵی ١٩٧٩دا. ئەم هەنگاوەش خۆی لەبایکۆتی بازرگانی و وەبەرهێنان لەناوخۆی ئێراندا بینییەوە تا لەسەردەمی ئیدارەی (بیل کلینتۆن)دا بەتەواوەتی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا خۆی بەرجەستەکرد.

سەرەڕای دووبارەبونەوەی سزاکان، بەڵام درێژبونەوەی ماوە و بەردەوامبونی یارییەکە دەرخەری ئەو راستییەیە کە دەرئەنجامەکان سنورداربون، بەتایبەتیش کاتێك دەبینین ئەو سزایانە تاك لایەنە بووە وە میکانزمێك بۆ پێداچونەوە بە سیاسەتەکانی ئێران. تا ئێستاش بەشێکی زۆر لە سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا رێگای توندکردنەوەی سزائابورییەکان بەکاریگەرتر و گرنگتر دەزانن لەبەرئەوەی هێڵی دروستکەری بڕیار لە ئێراندا لەماوەی رابردوو ئەوەیان نیشانداوە کە گرنگی بە دەرئەنجامی بڕیارەکانیان دەدەن و حساب بۆ ئەوە دەکەن کە سیاسەتی دەرەوەیان تاچەند کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵك دەبێت و تێچوی ئەو سیاسەتە بۆ ئێرانیەکان چەندە.

لەگەڵ خراپتربونی دۆخی ناوخۆیی ئێران بەهۆی دروستبوونی فشاری زیاتر لەسەر خەڵك، توانای بەرگری رژێمەکە بۆ ئەگەر و پێشهاتەکانی دواتر سەختتر بووە، ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە ئەگەرەکانی کۆدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر سزاکانی سەر ئێران زیاتر بووە، وەك هەنگاوێکی واقیعی تر لەوانەی رابردوو خۆی نمایشدەکات.

### سەرکردەکانی ئێران و تێروانینی جیهانی

هاوزەمان لەگەڵ روبەروبونەوەی هەڕەشەکانی ئەمەریکا و فشارەکانی ئەو وڵاتە، ئێران پەرەی بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو جیهان داوەو لەچەندین ناوچەی جیاوازیشدا بیرۆکەکانی خۆی بڵاوەپێکردووە. هەڵکشانە ستراتیژییەکەی لەئاستی جوگرافیادا پانتاییەکی فراوانی گرتۆتەوە کە هەرلە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقاوە دەستپێدەکات تا کۆتاییەکانی ئەمەریکا لەبەشی باشور و ئەمەریکای لاتین. لەگەڵ هاتنی ئەحمەدی نەژاد لەمانگی ئابی ٢٠٠٥ دا، سیاسەتی دەرەوەی ئێران قۆناغێکی توندتری وەرگرت کە رەگ و ریشەکەی لەگەڵ هاتنی رژێمی کۆماری ئیسلامیدا هاتبو، وەك باسکرا، لەپاش مردنی گۆڕانکاری ریشەیی بەسەر سیاسەتی ئێراندا هات و لەپرنسیپە شۆڕشگێڕییەکەی رزگارکراو بووە سیاسەتێکی پراگماتیکی، بەڵام لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاددا هێشتا ئەمەریکا و ئیسرائیل دوو دوژمنە گەورەکەی ئێران بوون. بەپێی زانیارییەکانی نیۆرك تایمز، ئیسرائیل لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاددا لەبەردەم گەورەترین مەترسی بیرکردنەوەی سەرکردەکانی ئێراندا بوو کاتێك ئەو سەرکردە سەربازییە تازە هەڵبژێردراوەی ئێران رایگەیاند "وەك ئیمام دەفەرموێت، پێویستە ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان بسڕێتەوە".

هەروەها لەمانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ دا (سی ئێن ئێن) وتارێکی ئەحمەدی نەژادی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل گواستەوە کە رایگەیاند "بەپشتیوانی خودا و ئینشائەڵا جیهانێك دەبینین بەبێ ئەمەریکا و زایۆنیزم".

ئەم سیاسەتە توندەی نەژاد هەرچەندە لەرووکەشدا لە سیاسەتی سەردەمی رابەری رۆحی ئێران ئایەتولا خومەینییەوە نزیك بوو کە ئەمەریکای بە " شەیتانە گەورەکە" ناودەبردو رایدەگەیاند ئەمەریکا چیتر ناتوانێت کاری شەیتانی بکات، ئەم لێدوانانەی سەرۆکی ئەوکاتی ئێران لێدوانی توندتری ئەمەریکای بەدوادا هات کاتێك جۆرج بۆشی کوڕ ئێرانی بەیەکێك لە جەمسەرە شەیتانییەکانی جیهان ناوبرد، هاوکات کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتیش ئێرانی وەك یەکێك لە شەش دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکەی جیهان ناوبرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، پرسی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، دەرگای زیاتری بەڕووی ئەو وڵاتەدا کردەوە و بوە هۆکارێك بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهاندا.

چەندین جار دەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد لە ڤەنزیلا بەوەڵامی ئێران لەبەرامبەر گۆشەگیرکردنی وڵاتەکەی و دابڕاندنی لەجیهان لێکدرایەوە، دواتر سەرکردەکانی ئێران هەوڵیاندا زیاتر بەڕووی جیهاندا بکرێنەوەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان فراوانتربکەن، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دژی ئەمەریکان.

بەمجۆرە ئەحمەدی نەژاد رۆڵی ئێران لەناو هاوکێشەکانی جیهاندا زەقکردەوە، ئەوەش لەوەڵامی ئیدارەکەی بۆشدا کە باسیان لە هەنگاوە نێودەوڵەتییەکانی ئەمەریکا دەکرد و پێیانوابوو ئەمەریکا پەیامی جیهانی هەیە.

لەو چوارچێوەیەشدا بەپێی زانیارییەکانی (ئاژانسی فارس نیوز) ئەحمەدی نەژاد رایگەیاندووە "رۆڵی دەوڵەتی مێژوویی ئێران تەنها لەچوارچێوە جوگرافییەکەی ئێراندا نیە، بەڵکو ئێران دەوڵەتێکی جیهانییە و کار بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی باشی جیهانی دەکات بۆ سەرجەم نەتەوەکانی دیکەی جیهان".

### لەدەستدانی دەرفەتێك بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییە جیۆپۆلەتکییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا

پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا بەگەلێك هەوراز و نشێویدا تێپەڕیبوو کاتێك ڕەش پێستێك لەدیموکراتەکانی ئەمەریکا گەیشتە کۆشکی سپی و تەواوی تێڕوانینەکانی بۆ داهاتووی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا قلٚپکردەوە. سەرەتا بەهەڵدانەوەی پەڕەکانی

مێژووی باراك ئۆبامای چل و چوارەمین سەرۆکی ئەمەریکا سەرکردەکانی ئێران پێشبینی باشتربوونی پەیوەندییەکانیان و گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکایان بەرامبەر ئێران دەکرد، پێدەچێت لەبەر ئەم هۆکارە بوبێت کە ئەحمەدی نەژاد وەك یەکەمین سەرۆکی ئێران پاش رووخانی شا لەساڵی ١٩٧٩، پیرۆزبایی هەڵبژاردنی باراك ئۆبامای وەك سەرۆکی ئەمەریکا کرد لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٨. ئەوەش وەك کاردانەوەیەك بۆ لێدوانێکی ئۆباما کە رایگەیاندبوو "هیواخوازە راستەوخۆ لەگەڵ سەرکردەکانی ئێران گفتوگۆ بکات بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکان، لەئەگەری شکستهێنانی گفتوگۆکانیشدا ئەمەریکا ناچاردەبێت سزای زیاتر بەسەر ئەمەریکادا بسەپێنێت" لەبەرامبەردا وەك ئاماژەیەك بۆ پێشوازیکردن لە وتەکانی ئۆباما، ئەحمەدی نەژاد رایگەیاند " هیوادارم سەرۆك ئۆباما ئەم دەرفەتە بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیانی ئەمەریکی بەکاربهێنێت و لەماوەی سەرۆکایەتیدا ناوێکی باش لەمێژوودا بۆخۆی بەجێبهێڵێت."

دیسانەوە، لەماگی ئایاری ٢٠٠٩دا و بەبۆنەی نەورۆزەوە بۆ یەکەمین جار لەپاش روخانی رژێمی پاشایەتی ئێران، بەبۆنەی نەورۆزەوە باراك ئۆپاما پیرۆزباییەکی ئاراستەی گەلی ئێران و حکومەتی ئەو وڵاتەی کرد و بۆ یەکەمین جاریش وەك سەرۆکی ئەمەریکا ناوی " کۆماری ئیسلامی ئێران"ی هێنا. چاودێرانی سیاسی ئەو ناوهێنانەیان وەك دانپیانانی ئەمەریکا بە رژێمی دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٧٩ لێکدایەوە.

تەلەفزیۆنی (msnbc) لەساڵی ٢٠٠٩ دا بەشێك لەوتەکانی ئۆبامای گواستەوە کە رایگەیاند "ئێمە جیاوازی زۆرمان لەگەڵ ئێران هەیە کە بەدرێژایی مێژوو ئەم جیاوازییانە گەشەیان کردووە، ئێستا ئیدارەکەی من پابەند دەبێت بەچارەسەرکردنی بەشێك لەو کێشانەی کە لەنێوان ئێمە و ئێران و وڵاتانی دیکەدا هەیە بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی بەهێز و بنیاتنەر، ئێمە دەست درێژدەکەین ئەگەر ئێوە دەستەکانتان بکەنەوە."

هەر لەسەرەتاوە دیار بوو کە هەردوو وڵات خوازیاربون سەرەتایەکی ئەرێنی بۆ بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانیان دەستپێبکەن. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە هەردو وڵات هەوڵی رەواندنەوەی کێشەکانیان دەدا، بەڵام هێشتا دوو رێگری مابوون کە بەربەست بوون لەبەردەم نزیکبوونەوەی ئەو دوو لایەنە ئەوانیش: یەکەم مانەوەی ئیسرائیل وەك دوژمنی ئایدۆلۆژی ئێران، دووەم گەشەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکە و دەستبەردارنەبوونی بەتەواوەتی. ئەم دوو بابەتە لە یەکەم پەیامی دەنگی تۆمارکراوی باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا بەروونی ئاماژەیان پێکرا و ئیسرائیلیشی وەك گرنگترین هاوپەیمانی ئەمەریکا ناساند،

ئەوەش نیشاندەری ئەو راستیەیە کە ئیسرائیل هێڵی سورە بۆ ئەمەریکا و پاراستنی یەکێك لەئامانجە نیشتیمانییەکان.

لەکۆتایدا ئەمەریکا و ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گەیشتنە ڕێککەوتنێك، بەڵام ئەوەی هەنگاوەکانی ئەو ڕێککەوتنەی هێواشترکردەوە لێدوانێکی ئایەتوڵا عەلی خامنەیی بوو کە لەبەرامبەر وتەکانی ئۆباما کە ئیسرائیلی بەگرنگترین هاوپەیمانی ئەمەریکا دانابوو، وتی "لەپرسی دوژمنە گەورەکەی ئێراندا کە ئیسرائیلە، سیاسەتەکانی ئۆباماش هەر درێژکراوەی سیاسەتی جۆرج بۆشن و ئیسرائیلی بە نەخۆشی شێرپەنجە وەسفکردو داوای تێکشکاندنی تەواوەتی کرد".

### ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران

(ئایا ئەم ڕێککەوتننامەیە پاش جێبەجێکردنی سزاکان بونی دەمێنێ؟)

ساڵی ٢٠١٥ بەواژۆی باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا ڕێککەوتنێك لەنێوان ئەمەریکا و ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجامدراو بەهۆیەوە سنورێك بۆ چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران دانرا لەبەرامبەر هەڵگرتنی سزاکاندا.

### ڕێککەوتن لەسەر چی کرا؟

پلانی کرداری هاوبەش کە بە (JCPOA) ناسراوە لەلایەن ئێران و پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێککەوتنی لەسەرکرا، ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بریتین لە (بەریتانیا، فەرەنسا، ئەمەریکا، رووسیا و چین و ئەڵمانیا کە زۆرجار پێیان دەوترێت کۆمەڵەی پێنج کۆیەك)

ڕێککەوتنەکە سنورێك بۆ کۆکردنەوەی یۆرانیۆم لەلایەن ئێرانەوە دادەنێت، کە بەکاردەهێنرێت بۆ کاراکردنی سوتەمەنی، بەڵام چەکی ئەتۆمیشی لێدروستدەکرێت. بەپێی ڕێککەوتننامەکە ئێران دەست لەکڕین و کۆکردنەوەی یۆرانیۆم هەڵدەگرێت تا ساڵی ٢٠٣١ و هاوکات ژمارەی ئەو بزوێنەرە ناوەکییانەی کە بۆ کۆکردنەوەی یۆرانیۆم جێگیرکراون تا ساڵی ٢٠٢٦ سنوردار دەکرێن و دووردەخرێنەوە. هەروەها ئێران رازیبوو بە دوورخستنەوەی تەواوی ئەو کەرەستانەی کە بۆ بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیۆم بەکاردەهێنرێن و گونجاون بۆ دروستکردنی بۆمب.

ڕێککەوتنەکە بەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٢٣١) پشتیوانی کرا و بەرواری جێبەجێکردنەکەشی خرایە مانگی کانونی دووەمی ٢٠١٦ پاش ئەوەی کە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی پشکنینەکانی خۆی جێبەجێدەکات و دان بەوەدا دەنێت ئێران تەواوی مەرجەکانی جێبەجێکردووە.

### بۆچی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا دژی ئەو ڕێککەوتنەیە؟

لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا دۆناڵد ترەمپ دژایەتی خۆی بۆ ئەو ڕێککەوتنەکە راگەیاند و وتی ئەو ڕێککەوتنامەیە زۆر مەترسیدارە و تەنها لەبەرژەوەندی یەك لایەنە کە نەدەبوو هەرگیز بکرایە.

دواتر ترەم نەیشاردەوە کە ئەو ڕێککەوتنە لەبری ئەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بپارێزێت زیاتر بۆ پاراستنی ئێرانە و زۆر بەکەمی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتەی راگرتووە، لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕێککەوتنە نەبوەتە هۆی ئەوەی ئێران دەستبەرداری رەفتارە نابەجێکانی تری ببێت لەنێوانیشیاندا کارە دوژمنکارییەکانی لە سوریا و یەمەن و چەند شوێنێکی تری جیهان.

هەروەها ترەمپ رەخنەی توندی لەوە گرتووە کە لەناوەرۆکی ڕێککەوتنەکەدا ئاماژە بەوەکراوە ئێران تەنها بەرنامەیەکی ئەتۆمی ئاشتی خوازانەی ویستووە و بەرپرسانی ئەو رژێمەش تەنها مەبەستی ئاشتیانەیان هەیە، وەك ئاماژەیەك بۆ بێتاوانی ئێرانییەکان، ئەو رەخنەیەی ترەمپ لەلایەن بەشێك لە سیاسییەکانی ئەمەریکاوە پێشوازیکرا، چونکە پێیانوابوو هیچ کات ئێران مەبەستی ئاشتیانەی لەکۆکردنەوەی ماددەی یۆرانیۆم و بەرنامە ئەتۆمییەکەی نەبووە.

وەك شیکەرەوە سیاسیەکان ئاماژەی پێدەکەن سێ هۆکاری سەرەکی هەبوو بۆ رەتکردنەوە ئەو ڕێککەوتنە لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە، ئەوانیش:

**یەکەم،** تێکشکاندنی ڕێککەوتنە میراتییەکانی سەرۆکی پێش خۆی ( باراك ئۆباما) چونکە چەند هەفتەیەك پاش دەستبەکاربونی ئەمەریکای لەگفتوگۆکانی بازرگانی هاوبەشەکانی زەریای هێمن دەرهێنا. لەمانگی حوزەیرانیشدا رایگەیاند کە بەنیازە پاشەکشە بکات لە ڕێککەوتننامەی پاریسی تایبەت بە گۆڕانکاری ژینگەیی. هەروەها بەرنامەی تەندروستی ( ئۆباماکێر) و هاوکارییە تایبەتەکانی ئۆباما بۆ بەشێك لەپەنابەران هەڵوەشاندەوە کە ناسرابوو بە ( پاراستنی سەردەمی ئۆباما).

هاوکات سزای ئابوری خستەوە سەر کوبا وەك هەولێك بۆ ڕێگریکردنی ئەو وڵاتە لەکۆکردنەوەی ماددەی یۆرانیۆم و کەرەستەکانی دیکەی چەکی کۆمەڵکوژی، ئەم هەنگاوەش پێچەوانەی هەنگاوەکانی ئیدارەی پێش خۆی بوون. هەموو ئەم هەنگاوانە و چەندین هەنگاوی تری ترەمپ کە پێچەوانەی هەنگاوەکانی ئۆباما بوون بەهەوڵی تێکشکاندنی میراتی بڕیارەکانی ئۆباما لێکدرایەوە.

**دووەم هۆکار** پەیوەندی بەو زانیارییانەوە بوو کە بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل کە زانیاری ئەوەی ئاشکرا کرد ئێران لەناو پایتەختەکەیدا بەدزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە سەرقاڵی کۆکردنەوە و پیتاندنی ماددەی یۆرانیۆمە کە بەتەواوەتی پێچەوانەی ڕێککەوتنەکەیە.

بۆ ترەمپیش مەسەلەی ئیسرائیل و ڕاوبۆچونی سەرکردەکانی ئەو وڵاتە گرنگی و بایەخی ئێجار گەورەیان هەیە و ئەم سەرۆکەی ئێستای ئەمەریکا بە یەکێك لە پشتیوانە سەرسەختەکانی ئیسرائیل دادەنرێت، لەبەرئەوە زانیارییەکانی بنیامین ناتانیاهۆ بەدووەمین هۆکاری ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنەکەی ئێران- ئەمەریکا دەدرێتە قەڵەم.

**هۆکاری سێیەم** بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و سەپاندنەوەی سزاکان، بەرای شیکەرەوە سیاسییەکان، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێستا ترەمپ دەموچاوی نوێی لەدەوروبەردایە کە بەتەواوەتی دژی ئێرانن، پێشتر دۆناڵد ترەمپ لەلایەن (ڕێکس تیلەرسن) وەزیری دەرەوە و (مك ماستەر) ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و (جەیمس میتس) وەزیری بەرگری بۆ سیاسەتی دەرەوە ئامۆژگاری دەکرا، بەڵام ئێستا هەریەك لەوەزیری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەن (مایك پۆمپیۆ و جۆن بۆڵتن)ەوە جێگەیان گیراوەتەوە کە بەهەڵوێ دژە ئێران ناسراون و کاریگەریی تەواویان لەسەر بڕیارەکانی ترەمپ بۆ سیاسەتی دەرەوە هەیە.

### لەبەرامبەر ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا، ترەمپ چ هەنگاوێکی دیکەی ڕاگەیاند بۆ ناچارکردنی بەرپرسانی ئێران؟

دۆناڵد ترەمپ بەڵێنیدا کە چارەسەرێکی زۆر واقیعیانەتر و ڕێکوپێکتر و کاریگەرتر بۆ پرسی ئێران دەخاتەڕوو کە مەترسی بەرنامە ئەتۆمییەکە لادەبات و ئەو وڵاتە ناچاردەکات دەست لەچالاکییە تیرۆرستی و ئەتۆمییەکانی هەڵگرێت و چیتر لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەتوانێت تەراتێن بکات.

هەرچەندە سەرکردەکانی ئێران رایانگەیاندووە کە ئەوان هیچ رێککەوتنێکی تر لەگەڵ ئەمەریکا ناکەن و ئەوەی دەتوانن بیکەن هەر ئەوەیە و هیچی تر، بەڵام ترەمپ پێیوایە نەخێر ئێران دەیەوێت رێککەوتنی باشتر لەو جۆری ئۆباما بکەن و رێککەوتنە نوێیەکە بەجۆرێك بێت کە سود بەهەموو ئێران و ئێرانییەکان بگەیەنێت.

## سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا (٢٠١٨)

دەرئەنجام لەمانگی ئابی ٢٠١٨ دا ترەمپ، بە فەرمانێکی سەرۆکایەتی بریاری کشانەوەی ئەمەریکای لەرێککەوتنەکە دەرکرد و سزا ئابورییەکانیشی بەسەر ئێراندا سەپاندەوە.

سەپاندنەوەی سزائابورییەکان، بەپێی بڕیارەکەی ترەمپ، خۆی لە دوو قۆناغدا دەبینێتەوە. قۆناغی یەکەم راستەوخۆ پاش دەرکردنی بریارەکە لەمانگی ئاب دەستی پێکرد و تێیدا بڕیاری قەدەغەکردنی کڕینی دۆلاری ئەمەریکی لەلایەن ئێرانەوە دەرکرا، لەگەڵ قەدەغەکردنی بازرگانی ئاڵتون و ماددە بەنرخەکانی تر لەگەڵ ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی سێکتەری ئۆتۆمبێل.

هاوکات، قۆناغی دووەمی سزاکان، وەك لە بڕیارەکانی ترەمپدا هاتووە، لەمانگی نۆڤەمبەر و لەماوەی چەند رۆژی رابردوو دەستیان پێکرد کە سزای کاریگەرترن و تێیدا تەواوی چالاکییەکانی وزە و کەشتیگەلی و دروستکردنی کەشتی لەئێران قەدەغە دەکرێت. لەقۆناغی دووەمدا تەواوی رێککەوتنەکانی پەیوەندیدار بە گاز و نەوت لەلایەن ئێرانەوە قەدەغەدەکرێت و رێگریش لەتەواوی دامەزراوە داراییەکانی ئێران وەك ( بانکی مەرکەزی ئێران) دەکرێت هیچ جۆرە چالاکییەك لەگەڵ وڵاتانی دیکە ئەنجامبدات.

ترەمپ ئەو سزایانەی بە توندترین سزای سەپێنراو بەسەر ئێراندا وەسفکرد و رایگەیاند " هەر لایەنێك بازرگانی لەگەڵ ئێراندا بکات ئەوا بازرگانی لەگەڵ ئەمەریکادا ناکات و رێگەی پێنادرێت".

لەبارەی کاردانەوەی وڵاتان بۆ پێشوازیکردن یان رەتکردنەوەی بڕیارەکەی ئەمەریکا، هەندێك وڵات تەنانەت پێش دەستپێکردنی وادەی جێبەجێکردنی سزاکان رایانگەیان کە هەموو جۆرە چالاکییەکی بازرگانی خۆیان لەگەڵ ئێران رادەگرن. هەندێك رایانگەیانکە کە کەلوپەلی هاوردەکراو لەگەڵ ئێران کەمدەکەنەوە و هەندێکی دیکەش پابەندبونی خۆیان بەتەواوی بڕیارەکانی ئەمەریکاوە رایگەیاند.

ئەمەریکا لە ئێستادا چی لەئێران دەوێت؟

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ( مایك پۆمپیۆ) دوانزە داواکاری بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران خستەڕوو کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. ئێران پێویستە تەواوی زانیارییەکان دەربارەی ئامانجە سەربازییەکانی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بخاتە بەردەستی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم (IAEA) و بەشێوەیەکی کرداری و بۆ هەمیشە دەستبەرداری ئەو هەنگاوانە ببێت.
٢. ڕێگەبە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم (IAEA) بدرێت بەبێ بەربەست تەواوی شوێنە ستراتیژییەکانی ئێران بگەڕێن.
٣. کۆتایی بەبەرهەمهێنانی موشەکی بالیستیکی بهێنێت و پەرەپێدانی سیستمی چەکی ئەتۆمیش ڕاگرێت.
٤. تەواوی ئەو زیندانیە ئەمەریکییانە ئازادبکات کە بەتۆمەتی سیخوڕی زیندانی کردوون.
٥. کۆتایی بە هاوکاریکردنی گروپە تیرۆرستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنێت.
٦. ڕێز لەسەروەری خاکی عێراق بگرێت و ڕێگە بدات بەچەککردنی تەواوی هێزە میلیشیاکانی سەربە شیعە لەناو خاکی ئەو وڵاتەدا.
٧. چیتر هاوکاری سەربازی جوڵانەوەی حوسییەکان لەیەمەن نەکات.
٨. پاشەکشە بەتەواوی ئەو هێزانە بکات کەلە ژێر فەرمانڕەوایی ئێرانیەکاندان لەسوریا.
٩. کۆتایی بەهاوکاریکردنی هێزەکانی تالیبان لە ئەفغانستان بهێنێت و چیتر نەبێتە پردی پەڕینەوەی سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە لەوڵاتانی دیکەوە بۆ ناو ئەفغانستان و بەپێچەوانەوە.
١٠.ڕێگری لەوە بکات کە سوپای قودسی ئێرانی هاوکاری گروپ و ڕێکخراوەکانی دەرەوەی ئێران بکات.
١١. کۆتایی بەهەڕەشەکانی دژی وڵاتانی دراوسێی لەناوچەکە بهێنێت لەنێوانیشیاندا ئیسرائیل.
١٢. چیتر دژایەتی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە نەکات و دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتەکانیان ڕاگرێت.

لەمانگی تەموزی ئەمساڵدا، ترەمپ لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا رایگەیاند بەدڵنیاییەوە هاوتا ئێرانییەکەی (حەسەن رۆحانی) دەبینێت و هیچ پێشمەرجێکی بۆ ئەو کۆبونەوەیە نابێت، بەڵام دواتر کۆشکی سپی رایگەیاند پێش دیدارێکی لەوجۆرە پێویستە ئێران رەفتارەکانی خۆی بەوجۆرە بگۆڕێن کە رونمان کردۆتەوە.

## کاردانەوەی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەك چی بوو؟

پێش ئەم لێدوانانەی ترەمپ و کۆشکی سپی، لەمانگی ئایاردا حەسەن رۆحانی رایگەیاندبوو کە ئەمەریکا دەستپێشخەر بووە لە شکاندنی رێککەوتنەکە و ئەوان پابەند نەبوون بەو رێککەوتنە نێودەوڵەتییە. پاش بریارەکەی ئەمەریکاش بۆ کشانەوەی لەرێککەوتنەکە حەسەن رۆحانی سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران رایگەیاند، رێککەوتنەکە بەردەوام دەبێت و کاریگەری خۆی لەدەستنادات لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە پابەند نەبن بەناوەرۆکەکەیەوە. ئەگەر ئەوەش روونەدات و تەواوی وڵاتانی دیکە لە رێککەوتنەکە بکشێنەوە، ئەوا ئێران بەردەوام دەبێت لەپیتاندنی یۆرانیۆم دەست بەو چالاکییە وەستێنراوانە دەکاتەوە کە لەژێر کاریگەری رێککەوتنەکەدا راگیرابوون.

کاتێکیش ترەمپ بەشی یەکەمی سزاکانی راگەیاند، رۆحانی رایگەیاند ئیدارەی ترەمپ جەنگی دەروونی لەگەڵ ئێران دەکات و دەیەوێت تۆوی دووبەرەکی لەناو ئێرانییەکان بنێتەوە.

لەم نێوەندەدا، دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا دەیویست هانی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بدات رەخنە لەو سیاسەتانەی وڵاتەکەیان بگرن کە مەینەتی بەدواوەیە و سەرئێشەی زیاتریان بۆ دروستدەکات، لەبەرامبەردا رۆحانی بەتاوانبارکردنی ترەمپ بەنانەوەی دووبەرەکی لەنێو ئێرانییەکاندا هەوڵی دەدا هەستی ئێرانییەکان بەئاراستەی دژایەتیکردنی دوژمنەکانیان و رێگرتن لەدەستێوەردان بجوڵێنێت. لێرەدا رۆحانی هەوڵدەدات سود لەو بیرکردنەوەیەی ئێرانییەکان ببینێت کە هەمیشە دژی دەستێوەردانی دەرەکی بوون، لەو چوارچێوەیەشدا سەردانی شای ئێران بۆ ئەمەریکا پێش رووخانی لەلایەن شەقامی ئێرانییەوە رەخنەی توندی لێگیراو بە راکێشانی دەستی دەرەکی بۆ وڵاتەکەیان لەقەڵەمدرا.

هاوکات، لەبارەی کاردانەوەی وڵاتانیشەوە، هەریەك لەوەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا و ئەڵمانیا راگەیەنراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوەو تێیدا ئەوەیان روونکردەوە کە رێککەوتنەکە

پاش دەرچونی ئەمەریکاش بەردەوام دەبێت و بەردەوامبونی ئەو ڕێککەوتنە گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی جیهان.

هاوزەمان لەگەڵ دەستپێکردنی بەشی یەکەمی سزاکانی سەر ئێران، کۆمسیۆنی ئەوروپا بڕیاری کارارکردنی  پرۆسەی (بلۆکینگ ستاچوت) دا کە پێشتر لە ٦ ی حوزەیرانی ٢٠١٨ دا لەلایەن وڵاتانی بەشداربوی پرۆسەکە بریاری لێدرابوو. پرۆسەکە بەمەسەستی کەمکردنەوەی کاریگەری بڕیارەکەی ئەمەریکا سەرپێخرا تا ڕێگە بەکۆمپانیا ئەوروپیەکان بدات بەشێوەیەکی ئاسایی کارە بازرگانییەکانی خۆیان لەناو ئێراندا درێژە پێبدەن.

دواتر گەورە بەرپرسێکی ئەمەریکا لەوەڵامی هەنگاوەکەی کۆمسیۆنی ئەوروپادا رایگەیاند کە ئەمەریکا گرنگییەکی ئەوتۆ بەو هەنگاوەی ئەوروپا نادات، دواتر یەکێتی ئەوروپاش رایگەیاند بریاری پابەندبوون و نەبوون بەرێککەوتنێك کە بریارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەردرابێت لەدەستی تەنها وڵاتێکدا نیە، بەڵکو ئەوە ئەنجومەنی ئاسایشە ئەو بڕیارە دەدات.

### کاریگەری سەپاندنەوەی سزا ئابورییەکانی سەر ئێران

ئامانجی سەرەکی ئەمەریکا لە سەپاندنەوەی سزا ئابورییەکان و دەرچونی لەرێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەك بۆ گۆشەگیرکردنی زیاتری ئێران و لاوازکردنی زیاتری ئەو وڵاتەیە لەرووی ئابورییەوە تا ئێران ناچاربکات کە سازشی زیاتر لەهەنگاوەکانی بکات و لەگەڵیا بگاتە ریککەوتنێك لاوازبونی زیاتری ئێرانی بەدوادا بێت. لەلایەکی ترەوە ترەمپ دەیەوێت سود لەناکۆکی زۆری نێوان نوخبەی سیاسی ئەو وڵاتە وەربگرێت و دەسەڵاتی بریاردەری ئێستا ناچار  بەهەنگاوێك بکات کە ئیدارەکانی پێشوتری کۆشکی سپی نەیانوتوانیوە بینێن.

لەگەڵ سەپاندنی سزا ئابورییەکاندا، بەرپرسانی کۆشکی سپی رایانگەیاند ئەم سزایانە بۆ ئێران و ئەو وڵاتانەشە کە بازرگانی لەگەڵ دەکەن. جگەلە قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی سوتەمەنی ئێران، هاوکات ٧٠٠ کەسایەتی و خەڵکی دیار لەگەڵ ژمارەیەك جۆری چەك و کەشتیگەلی و تانك و فرۆکە لەناو لیستی سزاکاندا هاتوون کە رێگری لە کۆمپانیا جیهانییەکانی نەوت و دروستکردنی کەشتی دەکات ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئێران بکەن.

وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا (ستیڤن منوشن) رایگەیاند، تۆڕی جوڵەی بڕۆکسل بۆ پێدان و گواستنەوەی پارەی نێودەوڵەتی پابەند دەبێت بە راگرتنی هەر جۆرە مامەڵەیەك لەگەڵ

دامەزراوە بەئامانجگیراوەکانی ئێران. بەم هەنگاوە ئێران بەتەواوەتی دادەڕێت لە سیستمی دارایی جیهانی.

### کێ دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئێران بکات پاش سەپاندنەوەی سزاکان ؟

مایك پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ژماری ئەو وڵاتانەی ئاشکراکرد کە ئەمەریکا چاوپێشیبیان لێدەکات لەبازرگانیکردن لەگەڵ ئێران کە ژمارەیان هەشت وڵاتە، بەڵام جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو وڵاتانەش بەڵێنیانداوە بڕی کڕینی نەوتی خاو لەئێران کەمدەکەنەوە و لەچەندین ڕوویترە وە هاوکاری ئەمەریکا دەبن لەسزادانی ئێران. بەپێی زانیارییەکانی (بی بی سی نیوز) پۆمپیۆ ئەوەشی ئاشکراکردووە، لە ئایندەدا دوان لەو وڵاتانە بەتەواوەتی دەستبەرداری کڕینی نەوتی خاوی ئێران دەبن، بەڵام شەش وڵاتەکەی تر بەڕێژەیەکی بەرچاو کڕینی نەوتی خاو و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئێران کەمدەکەنەوە.

بەپێی زانیارییەکانی ئاژانسی ڕۆیتەرز هەریەك لەوڵاتانی (چین، کۆریای باشور، هندستان، تورکیا، ئیتالیا، تایوان، یۆنان و ژاپۆن) لەریزی ئەو وڵاتانەن کە زۆرترین بڕی وزە لەئێران دەکڕن و ئەمەریکا چاو پۆشییان لێدەکات بازرگانی لەگەڵ ئێران بکەن، دواتریش لە (عێراق)یش بۆ ئەو هەشت دەوڵەتە زیاد کرا کە لە بازرگانی لەگەڵ ئێران دەبەخشرێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە ئەمەریکا مەرجیشی لەسەر شێوازی بازرگانی ئەو وڵاتانە داناوە و نابێت بەهیچ جۆرێك مامەڵەکانیان لەگەڵ ئێران بەدۆلاری ئەمەریکی بێت و لەبەرامبەر نەوتی هاوردەکراویشدا تەنها دەتوانن کەلوپەل و دەرمان و خۆراك پێشکەش بکەن.

بەپێی لێکدانەوەکان، چاوپۆشی ئەمەریکا لەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی: یەکەم، ترسی بەرزبونەوەی خێرا و لەرادە بەدەری نرخی نەوت چونکە تا ئێستا ئەمەریکا نەیتوانیوە قەرەبووی بازاڕی نەوتی ئێران بۆ هاوپەیمانەکانی بکاتەوە، هەرچەندە سعودیە بەڵێنی زیادکردنی بڕی هەناردەکردنی نەوتی داوە، بەڵام پێویستییەکان پڕناکاتەوە و ناشتوانێت بگات بەهەندێك وڵاتی دوورەدەست. دووەم، ئەمەریکا دەترسێت هەندێك وڵات هەنگاوی زیاتر بەرەو جەمسەری روسیا-ئێران بنێن و لە ئێستاشدا یەکێتی ئەوروپا دژایەتی سەپاندنەوەی سزاکانی سەر ئێرانە، لەبەرئەوە نایەوێت نەیاری زیاتر بۆ پرۆژەکەی دروستبکات. هاوکات هەریەك لەهندستان و کۆریای باشوریش لەبەر زۆری پێویستیان

بەسەرچاوەی وزەی ئێران لەئێستادا ناتوانن بەتەواوەتی پابەندی هەنگاوەکانی ئەمەریکا بن دژبە ئێران، بەڵام بەڵێنی کەمکردنەوەی کڕینی نەوتی خاوی ئێرانیان داوە.

بەپێی زانیارییەکانی ( بلومبێرگ و رۆیتەرز) تورکیاش رێگەی پێدەدرێت بەشێوەیەکی کاتی بەردەوامبێت لەکرینی سوتەمەنی ئێران و دواتر بەتەواوەتی دەستبەرداری دەبێت.

پێشتریش، بەپێی زانیارییەکانی رۆیتەرز، زیاتر لە ٢٠ وڵات هەموو جۆرە مامەڵەیەکیان لەگەڵ ئێران راگرتووە کە بەهەمویان رۆژانە نزیکەی یەك ملیۆن بەرمیل نەوتیان لەئێران دەکڕی. لەدەرئەنجامی سەپاندنەوەی سزاکان، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە رۆژنامەنوسانی راگەیاندووە تا ئێستا رژێمی ئێران تەنها لەکەرتی نەوتدا نزیکەی (٢.٥) ملیار دۆلار زیانی پێکەوتووە.

### قۆناغی یەکەم و دووەمی سزاکان

ئەمەریکا سەپاندنەوەی سزاکانی سەر ئێرانی دابەشکرد بۆ دوو قۆناغ، قۆناغی یەکەمی لەمانگی ئابی ئەمساڵدا جێبەجێکرد کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینیەوە:

١. قەدەغەکردنی کڕینی دۆلاری ئەمریکی لەلایەن ئێرانەوە .
٢. قەدەغەکردنی هەرجۆرە مامەڵەو بازرگانییەکی ئێران لە بواری ئاڵتوون و کانزا بەنرخەکانی دیکە.
٣. قەدەغەکردنی فرۆشتن  و گواستنەوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی گرافیت، کەرەستەی خاو یان کانزا نیوە دروستکراوەکانی وەك ئەلەمینیۆم و ستیل و بەردەخەڵوز و نەرمە ئامێرەکانی یەکپارچەکردنی پرۆسەی پیشەسازی.
٤. قەدەغەکردنی هەرجۆرە مامەڵەیەکی پەیوەندیدار بەکڕین و فرۆشتنی تمەن لەگەڵ راگرتنی سندوقی دراوی ئێرانی حیسابەکانی تمەنی دەرەوەی سنوورەکانی ئێران .
٥. قەدەغەکردنی کڕین و هاوبەشیپێکردن یان کارئاسانیکردن بۆ قەرزە حکومییەکانی ئێران
٦. قەدەغەکردنی پیشەسازیی دروستکردنی ئۆتۆمبێل.
٧. قەدەغەکردنی هاوردەی فەرش و ماددەی خۆراکی ئێرانی بۆ ئەمریکا و هەرجۆرە مامەڵەیەکی دیکەی دارایی
٨. قەدەغەکردنی هەرجۆرە مامەڵەیەکی پەیوەندیداربە هاوردەکردنی فڕۆکەی نەفەرهەڵگر یان خزمەتگوزارییەکانی دابینکردنی پارچە لەلایەن ئێرانەوە

**قۆناغی دووەمی سزاکان، لەچواری مانگی نۆڤەمبەر جێبەجێکران کە خۆیان لەم هەنگاوانە دەبینییەوە:**

١. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی بەندەرەکان و کەشتیگەلی و گواستنەوەی دەریایی کە بریتین لەو هێڵ و ڕێگە دەریاییانەی کۆماری ئیسلامی ئێران کالآیان پێدا دەگوازێتەوە.
٢. قەدەغەکردنی هەر جۆرە مامەڵەیەکی پەیوەندیدار بە نەوت و کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی ئێران و کڕینی نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتییەکانی دیکە یان پێترۆکیمیایی لە ئێران.
٣. قەدەغەکردنی ئاڵوگۆڕە دارایی دامەزراوە بیانییەکان لەگەڵ بانکی ناوەندیی ئێران و دامەزراوە داراییەکانی دیکە.
٤. قەدەغەکردنی خزمەتگوزارییەکانی بیمە.
٥. گەمارۆی تەواوی کەرتی وزەی ئێران.

هاوکات، جیاواز لەسزاکانی دیکەی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، لەم قۆناغەدا ئەمەریکا سزای تەواوی ئەو کەسانەش دەدات کە ڕۆڵیان لە چالاکییە بازرگانییەکانی ئێراندا هەبێت. لەگەڵ ئەو کەسانەی لە لیستی هاووڵاتییە بژاردە و تایبەتییەکان ( OFAC) و دەفتەری کۆنترۆڵی دارایی دەرەوە سڕدراونەتەوە و ئەوانەش کە خراونەتە لیستی ڕەشەوە.

### توانای سنوورە وشکانی و دەریاییەکانی ئێران بۆ کەمکردنەوەی  کاریگەریی سزاکان

ئێران پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کۆمەڵێک ولاتدا هەیە بەشی زۆریشیان دراوسێی ئێرانن ناتوانن دەسبەرداری شتومەکی ئێرانی ببن، بەشێکیشیان نایانەوێت ئێران هێندە ڕوو لە لاوازی بکات، ئەو وڵاتانەش (تورکیا، عێراق، قەتەر، عەممان، پاکستان، ئەفغانستان، تورکمانستان، رووسیا، ئەرمەنستان، کۆماری ئازەربایجان).

کەواتە سنوری بەرفراوانی ئێران لەهەرچوار جەمسەری ( باکور، باشور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا) بەڕێگای وشکانی و دەریایی ڕێگە بۆ ئێران خۆشدەکات کوێرە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ دەربازبون لە سزائابورییەکانی ئەمەریکا بدۆزێتەوە. ئێران لەگەڵ بەشێکی زۆر لەو وڵاتانە، جگەلە دراوسێیەتی، پەیوەندی کولتوری و ئاینی و مەزهەبیش پێکەوەیان دەبەستێتەوە و کاریگەری

لەسەر حکومەتی بەشێکی دیکەشیان هەیە. هەموو ئەمانە وادەکات ئەمەریکا بەگومانێکی زیاترەوە چاودێری سنورەکانی ئێران بکات.

### دیارینەکردنی ماوەی سزائابورییەکان و ئاماژەکانی

ماوەی سزا ئابورییەکانی سەر ئێران دیارینەکراوە و جۆر و چەندێتیش دەستنیشان نەکراوە، وەزیری دەرەوە ئەمەریکاش رایگەیاندووە لەچەند رۆژی ئاینده سزای نوێ بەسەر ئێراندا دەسەپێنن کە پەیوەندی بە تیرۆر و پشتگیریکردنی گروپە تیرۆرستییەکانەوە هەیە. شیکەرەوە سیاسییەکانی ئەمەریکاش دیارینەکردنی ماوەی سزاکان لەلایەن ئەمەریکاوە بە ئاماژەیەکی مەترسیدار بۆ رژێمی ئێران دەبینن و پێیانوایە ئەمەریکا ئامانجی روخاندنی ئەو رژێمەیە، وەلێ ئێرانیش بەتوندترین شێواز رووبەرووی هەنگاوەکانی ئەمەریکا دەبنەوە.

### کاریگەری سزاکان لەسەر هەرێمی کوردستان

ئەمەریکا هەر لەسەرەتاوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سزاکانی ئەم قۆناغەی ئەمەریکا بۆسەر ئێران توندترین سزا دەبن و هەر لایەنێکی دیکەش پابەند نەبێت پێیانەوە هەمان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و توشی هەمان چارەنوسدەبێت. بەوپێیەش کە یەکێك لەمەرجەکانی ئەمەریکا بۆ واژۆکردنی رێککەوتنێکی نوێ بریتییە لە دەستهەڵگرتنی دەستێوەردانی ئێران لەکاروباری ناوخۆی عێراق، لە حاڵەتی نەبەخشینی عێراق لە سزاکانی سەر ئێران کاریگەری گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆ ئەوەی لەکاریگەری سزاکان لەسەر هەرێمی کوردستان تێبگەین پێویستە لە ئاستی پێویستییەکانی هەرێم و ئێران بەیەکتری و جۆری پەیوەندییەکانیان تێبگەین کە خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوە دەبیننەوە:

١. **کاریگەری زۆری ئێران بەسەر پارتە سیاسییەکانی دەسەڵاتەوە**، پەیوەندی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستان ئەوندە نزیک و پێکەوەگرێدراوە کە پێدەچێت زۆرئەستەم بێت هەرێم بتوانێت خۆی لەژێربارو منەت و کاریگەری و تەنانەت قورسایی ئێران دەرباز بکات. کاردانەوەی بەرپرسانی هەرێم لە رۆژانی سەرەتای سەپاندنی قۆناغی دووەمی سزاکان دەرخەری ئەو راستییەیە کە هەرێم لەبەردەم بریارێکی گرنگدایە کە خۆساغکردنەوە بۆی کارێکی ئەستەمە. لەلایەك سەرۆک وەزیرانی هەرێم بەڕاشکاوانە سەبارەت بە پرسی گەمارۆکان رادەگەیاندوە هەرێم لەم بابەتەدا شوێنکەوتەی ناوەندە و چەندرۆژ پاش ئەو بریارەش، نوێنەری هەرێم لە ئێران کە سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە بە راشکاوی رایگەیاندووە کە:" ترەمپ بازرگانە و نابێت هەرێم هاودەنگی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بێت".

هەرچەندە ژووری بازرگانی هەرێم رایگەیاندووە کە سزاکان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەرێم نابێت، بەڵام بەخوێندنەوەی دۆخی ئێستای هەرێم و بە تایبەت پێیوستی زۆری هەرێم بەبەرهەمە ناوخۆییەکانی ئێران گومان دەکرێت هەرێم بتوانێت هاودەنگی تەواوی ئەمریکا بێت. بۆیە مەترسی ئەوە هەیە کە بۆچوونی ئەمریکا سەبارەت بە هەرێم سەختتر و توندتر بێتەوە ئەگەر مامەڵەیەکی هۆشیارانە لەم پرسەدا نەکات.

٢. **پرسی ئاو** لە ئێستادا بە تەواوی بوەتە پرسێکی سیاسی و ستراتێژی گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان. دیارە هەرێم لەچەند ساڵی رابردوودا خاوەنی پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی نەبووە بۆ چارەسەرکردنی مەترسییەکانی ئاو . لەلایەکی دیکەوە ئێران لەسەر تەواوی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی هەرێم کە لە کوردستانی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن بەنداوی درووستکردوە وئاوی هەرێم تووشی کێشەی جیدی بووەتەوە و لەئایندەش توشی گرفتی زیاتر دەبێت، بۆیە لە حاڵەتی گرتنەوەی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی لە ئێرانەوە دەڕژێنە هەرێمی کوردستانەوە هەرێم توشی قەیرانی جدی دەبێتەوە.

٣. **نەبوونی ئاڵتەرناتیڤ بۆ بەرهەمە** بەگشتی، پێویستی لە مێژینەی هەرێم بە شمەکی ئێرانی ناردنی بەشێک لە شمەکی هەرێم و عێراق لەڕێگەی دەروازەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بازرگانیە لە نێوانیان هەرێم و ئێراندا، جگە لەوەش بەلەبەرچاوگرتنی قەیرانی دارایی هەرێم، بازاڕی ئێران هەم لە رووی گەشتیاری و هەم لە رووی دابینکردنی کاڵا و شتومەکەوە هەرزانترین بازاڕە لە ناوچەکە. لە ئێستادا کە پارەی ئێران لە نزمترین ئاستدایە وبازاڕی تورکیاش تووشی هەڕەشەی سزای ئەمریکا بووتەوە و لەرزۆکیی پێوەدیارە، بازاڕی ئێران بازاڕێکی خەیاڵیە بۆ هاووڵاتیانی هەرێم و لەمڕووشەوە بۆ سیاسەتمەدارانی هەرێم سەختە دەستبەرداری ئەم بازاڕە ببن.

٤. **پێویستی ئێران بە بازاڕی دۆلاری هەرێم** لەمێژە بازاڕی هەرێم لە رێگەی ترانزیت و هەناردەی کاڵای ئێرانی و هەروەها پەیوندی پتەو و زۆر تێکەڵی هەرێم و ئێران، بوەتە ناوەندێکی گرنگی دابینکردنی دۆلار بۆ ئێران و لەخولی پێشووی گەمارۆکانیشدا، سلێمانی و هەولێر رۆڵی بەرچاویان لە یارمەتیدانی ئێران هەبوو تا لە سزاکانی ئەمریکا دەربازی بێت. بۆیە لە ئێستادا کە ئێران بەهۆی گەمارۆکانی ئەمریکاوە تووشی کێشەی کەمی دۆلار بوەتەوە و دەبێتەوە، پیویستی زۆر و تەنانەت

بنەڕەتیی بە هەرێم و بازاڕی هەرێمی کوردستان دەبێت. لەمڕووەوە، وادیارە ئێران ناتوانێت هاوەدەنگی هەرێم لەگەڵ ئەمریکا قبوڵ بکات و چاو لەم بازاڕە دابخات.

٥. **فرۆشی نەوت** نکۆڵی ناکرێت بەشێکی داهاتی هەرێم لە رێگەی فرۆشی نەوتەوە دابینکراوە کە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە. بەشێک لەو سامانەش رۆژانە لە رێگەی تەنکەرەوە بۆ فرۆشتن هەناردەی ئێران و دەرەوەی ئێران دەکرێن، بەڵام وادیارە ئەم سەرچاوە داراییە بە دەستپێکردنی بەشی دووەمی سزاکانی ئەمریکا توشی گرفت دەبێت. ئەمجارە نەوت و پیشەسازی نەوت و داهاتی نەوت دەکرێتە ئامانج و تەواوی ئەو لایەنانەی لە رێگەی ئێرانەوە نەوت دەفرۆشن، ناچاردەکرێن بریاری هەڵپساردنی ناردنی نەوت بدەن.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بەهۆی پێویستی زۆری هەریەك لە ئێران و هەرێم بەیەکتری، زۆر سەختە ئێران لەم دۆخەدا بە ئاسانی دەستبەرداری هەرێم بێت. لەبەرامبەریشدا هەرێم بەبۆنەی پەیوەندی زۆر نزیک و تێکەڵاو لەگەڵ ئێران، پێویستی بە ئێران بۆ فرۆشتنی نەوت و چەند کەیسی جۆراوجۆر زۆر سەختە بتوانێت بە ئاسانی پشت لە ئێران بکات. بۆیە دوورنیە بەشێك لە کۆمپانیاکانی هەرێم تووشی سزای ئەمریکا ببن.

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین هەرێم لە بەردەم بڕیارێکی زۆر سەخت و چارەنووسسازدایە و ئەگەر تەواوی توانا دپلۆماسییەکانی خۆی بۆ ئەنجامدانی یارییەکی باش لەنێوان فشاری ئەمەریکا بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران و هەوڵی ئێرانیش بۆ دۆزینەوەی کوێرە رێگاکانی رزگاربوون نەکات سزاکانی سەر ئێران کاریگەری نیگەتیڤ لەسەر ئاسایش و ئابووری و تەنانەت ئایندەی هەرێم دادەنێت.

### ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران

ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا کە لەژێر کۆنترۆڵی کۆمارییەکاندایە کار لەسەر ئەو هێڵە ستراتیژییەی ئەمەریکا دەکات کە پێیوایە دەبێت لەڕێگەی سەپاندن و توندترکردنی سزاکانەوە ئێران ناچار بکرێت کە چیتر مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دروستنەکات و پاشەکشە لە ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی لەناوچەکە بکات. هەر لەسەرەتاوە ئیدارەکەی ترەمپ ئیدیعای ئەوەیان کرد کە توندترین سزا بەسەر ئێراندا دەسەپێنن و لەو ڕێگەیەوە ئێران ناچاردەکەن دەست لەپشتگیریکردنی تیرۆر و پرسی

بەرنامە ئەتۆمییەکەی هەڵگرێت. لەلایەکی ترەوە، ئیدارەی ترەمپ دوازدە خاڵی وەك مەرج بۆ رێککەوتننامەیەکی نوێ لەگەڵ ئێران داناوە کە زۆربەیان دژی هێڵە ستراتیژییەکانی ئێرانن و پێناچێت رژێمی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێران مل بەو داواکارییانە بدات. لەمبارەیەوە پرۆفیسۆر (هۆشەنگ حەسەن یاری) پرۆفیسۆر لەکۆلێژی سەربازی و زانکۆی (رۆیاڵ) لەویلایەتی ئۆنتاریۆی کەنەدا بە نیۆرك تایمزی راگەیاندووە "رژێمێك کە ٣٠ ساڵە دەڵێت مەرگ بۆ ئەمەریکا پێناچێت وا بەئاسانی تەسلیمی فشارەکانی ئەمریکا ببێت و لەدژیان رادەوەستێت." لەلایەکی ترەوە بۆچونێکی تر هەیە پێیوایە ئەگەری دروستبونی جەنگ لەنێوان ئێران و ئەمەریکا ئەگەرێکی دوورە بەوپێیەی ترەمپ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەیەوێت ئەمەریکا لەبازنەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەربهێنێت، بەڵام وەك شارەزایانی سیاسەتی ئەمەریکا دەڵێن ئیدارەی ترەمپ گرەو لەسەر ئاڵۆزبونی دۆخی ناوخۆی ئێران دەکات بەتایبەتی ئێستا کە رای جیاواز لەنێوان سەرکردە و نوخبەی سیاسی ئەو رژێمەدا دەربارەی سیاسەتەکانی ئەمەریکا و چۆنیەتی روبەروبونەوەی دروستبووە.

لەلایەکی ترەوە چاوەڕێدەکرێت کۆنترۆڵکردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لەلایەن دیموکراتەکانەوە ببێتە فشار لەسەر ئیدارەی ترەمپ تا سیاسەتی دەرەوەی خۆی و بەتایبەتیش دەربارەی ئێران بگۆڕێت. هەروەها دەوترێت کە بەهۆی ئەوەی هێشتا کۆمارییەکان لەئەنجومەنی پیراندا زۆرینەن پێناچێت گۆڕانکاری ئەوتۆ بەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئێران ببێت.

هەنگاوەکانی ئەمەریکا لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەریدەخات کە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بابەتی سزادانی ئێرانی بەجدی گرتووە پێدەچێت تا مریشکە ڕەشە لەسەری بڕوات. بۆنمونە، ئەمەریکا هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ رازیکردنی تورکیا هەر لەدژایەتیکردنی زیاتری پرسی کورد تا هاوکاری دپلۆماسی و رێککەوتنی ئابوری، بۆ ئەوەش لەماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا ئەمەریکا بڕی ١٢ ملیۆن دۆلاری بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی سێ سەرکردەی پەکەکە تەرخانکرد ئەوەش وەك هەنگاوێکی تاکتیکی ئەمەریکا بۆ رازیکردنی تورکیا و گۆشەگیرکردنی زیاتری ئێران لێکدرایەوە. هاوکات ئەمەریکا باڵوێزی خۆی لەعێراق گۆڕی و شارەزایانی سیاسەتی ئەمەریکاش گۆڕینی باڵوێزی ئەو وڵاتە لەسەروبەندی سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا وەك پەیامێك بۆ بەرپرسانی عێراق لێکدەدەنەوە کە ئەمەریکا چاودێری وردی رەوشی عێراق دەکات و رێگە بەهیچ جموجوڵێکی نائاسایی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەئاراستەی شکاندنی سزاکان لەسەر ئێران نادات.

وەك بەشێك لە سیاسەتی ئەمەریكا بۆ ڕاگرتنی نرخی نەوتی خاو لەبازاڕەكانی جیهاندا تا چیتر نەبێتە فشار لەسەر هاوپەیمانەكانی، ئەمەریكا بڕی هەناردەی نەوتی خۆی بۆ بازاڕەكانی جیهان بەرێژەیەكی پێوانەیی زیادكردووە و لەئێستادا زیاتر لە (١١) ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێكدا هەناردەی بازاڕەكان دەكات، ئەوەش وایكردووە بڕی نەوتی پێویست لە بازاڕەكاندا هەبێت و كەمبونەوەی هەناردەی نەوتی ئێران كاریگەرییەكی ئەوتۆی نەبێت.

لێرەوە دەگەینە دوو خاڵی سەرەكی دەربارەی ئایندەی پەیوەندییەكانی نێوان ئێران و ئەمەریكا.

**یەكەم/** ئیدارەی ئێستای ئەمەریكا تەواوی فشارەكانی خۆی بۆسەر ئێران زیاددەكات تا لانیكەم نەتوانێت دەستی بەچەكی ئەتۆمی بگات، دەستێوەردانی لەپرسی ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەكە هەڵگرێت و چیتر نەتوانێت پشتگیری تیرۆر بكات. هەوڵدەدات لەم ڕێگەیەوە ئاگری شەڕی ناوچەكە بخاتەوە ناوماڵی ئێران بەوەش چوار هێڵە ستراتیژییەكەی خۆی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەپارێزێت.

**دووەم/** هەنگاوەكانی ئێستای ئەمەریكا تەنها بۆ سنورداركردنی توانا سەربازی و سیاسی و ئابورییەكانی ئێرانە و بەهیچ جۆرێك ئیدارەكانی پێشووی ئەمەریكا نەیانویستووە بەجۆرێك ئێران لاواز بكەن كە ئەمەریكا نەتوانێت بیكاتە تەواوكەری سیاسەتەكانی خۆی لەناوچەكە. بەواتایەكی تر ئێران تا ئەو شوێنە دژایەتی دەكرێت كە ببێتە مەترسی بۆ هێڵە ستراتیژییەكانی ئەمەریكا، ئەگەرنا بۆ ڕاستكردنەوەی هەندێك باڵانس ئێران پێویستە و بەشێك لە هاوپەیمانێتییەكانی ئەمەریكاش لەناوچەكە بەندە بە لاوازبون و نەبونی ئێران و لەئەگەری كەوتنی ڕژێمی ئێستای ئێراندا بەشێك لە بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەكە لەگەڵ ئەمەریكا نامێنێت و یارییەكە كۆتایی دێت. ئەوەش بەواتای ئەوەدێت كە ئەگەری شەڕ لەنێوان ئەو دوو وڵاتە تەنها كاتێك دێتە پێشەوە كە ئەمەریكا دڵنیابێت ئێران دەستی بەچەكی ئەتۆمی دەگات یان ببێتە مەترسی بۆ هاوپەیمانە نزیكەكانی وەك ئیسرائیل، لەوەها حاڵەتێكدا ئەمەریكا بێدەنگ نابێت و ئەگەری ڕوبەڕوبونەوە دروستدەبێت.

هەموو ئەمانەش ئەوە نیشاندەدەن كە پەیوەندییەكانی نێوان ئێران و ئەمەریكا لانیكەم لەخولی سەرۆكایەتی ترەمپدا ئاسایی نابێت و چاوەڕێی گرژی و ئاڵۆزی زیاتری لێدەكرێت.

## ئەنجام

پاش ئەو مێژووە دوورودرێژە لەهەڵکشان و داکشانی پەیوەندییەکانیان ئێستا نێوانی ئێران و ئەمەریکا لەخراپترین دۆخیدایە، هەمیشە بەگەڕاندنەوەی کۆمارییەکان بۆ کۆشکی سپی چاوەڕێی کاردانەوەی توندتر بۆ پرسی ئێران دەکرێت. ئیدارەی ترەمپ توندترین سزای ئابوری و دەریایی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، بەرپرسانی ئیدارەی کۆشکی سپیش جەخت لەوە دەکەنەوە سزای زیاتر بەسەر ئێراندا دەسەپێنن و سزاکانی ئایندەش پەیوەندییان بەپرسی تیرۆر و پشتگیریکردنی رێکخراوە تیرۆرستییەکانەوە هەیە. لەبەرامبەردا بەرپرسانی رژێمی ئێران بەدەرونێکی جێگیرەوە دەڵێن سزاکان کاریگەرییان نەبووەو لەکۆتایدا ئەمەریکا تێکدەشکێت. ئەوەی سەرکەوتنی ئەم دوو لایەنە یەکلایی دەکاتەوە هەڵوێستی وڵاتانی دیکەی وەك یەکێتی ئەوروپا و چین و کۆریای باشور و  تورکیا و رێکخراوی ناتۆ و ئەو وڵاتانەیە کە هەریەك لەئێران و ئەمەریکا کاریگەرییان بەسەریانەوە هەیە. تا ئێستا ئەمەریکا سەرکەوتوو بووە لەپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئابوری و سیاسی و وزەیەی کە بەهۆی کەمبونەوەی رۆڵی ئێرانەوە دروستبووە، پاش سەپاندنەوەی سزاکان نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا بەرزنەبوەتەوە و بڕی زیاد لەپێویستیش بونی هەیە هاوکات بەوتەی بەرپرسانی ئیدارەی ئەمەریکا ئەو وڵاتانەی کە ئێستا لەسزاکانی سەر ئێران پۆشراون تاشەش مانگی تر بەتەواوەتی دەستبەرداری بەرهەمەکانی ئێران دەبن. دۆخی ناوخۆی ئێرانیش تادێت خراپتردەبێت، دەرفەتی کار کەمتردەبێتەوە و نرخی شتومەکیش زیاددەکات. ئەگەر ململانێی ئەمەریکا بۆ کەمکردنەوەی بایەخی ئێران لەناوچەکە بەردەوام بێت و رووسیا و چینیش هاوشێوەی ئێستا تەنها تەماشاکاربن ئەوا بەدڵنیاییەوە لەئایندەیەکی نزیکدا ئێران رووله شکستی زیاتردەکات و رووبەرووی فشاری ناوخۆیی و دەرەکی زیاتردەبێتەوە. لەئەگەری دووەمدا ئەگەر ئێران دەستبەرداری پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ببێت یاخود وڵاتانی رووسیاو چین و یەکێتی ئەوروپا هەڵوێستەکانیان بەرامبەر ئەمەریکا توندتر بکەن و بێدەنگییەکەی ئێستایان درێژنەکەنەوە، ئەوا ئێران دەتوانێت بەرگەی فشارەکانی ئەمەریکا بگرێت و تێیدا دۆخەکە بەبەرژەوەندی ئەو یەکلایی ببێتەوە. لەئەگەری خراپتربوونی دۆخەکەیشدا، گومانی تێدانیە، کە وڵاتانی ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیش لەنێوانیاندا پریشکی ئاگریان بەردەکەوێت و بەهەموو پێوەرێك ئێران کاریگەری سزاکان دابەشدەکات بەسەر دۆست و هاوپەیمانەکانی و ئەوەی رۆژێك سودمەندبوبێت لەو رژێمە ئەمرۆ ناچاردەکرێت لەگەڵ ئێرانییەکان شانبداتە ژێر ئەو بارە قورسەی کە دەرئەنجامەکەی رووخان یان یان مانەوەی ئەو رژێمەیە بەشێوەیەکی کاریگەرتر و بۆ ماوەیەکی زیاتریش.

## سەرچاوەکان


١. د.ئیسماعیل مەحموودی، کاریگەری گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/mobile/sorani/business/031120184?fbclid=IwAR3QwwqUuMDYENGbAOhZW9jzDLvBMchDoc5pg2ViVpOJlDmJBL94yDNmPTk

٢. حەمید حەشمەدار، گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و دەرفەتەکانی هەرێمی کوردستاند، و: رەسووڵ سوڵتانی، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/mobile/sorani/business/031120181?fbclid=IwAR1n-tgGgQkPIGlhemeJtCyJQK83X23j3xDI5bd5SZ466T6Ei1UuTpvSAZ8

٣. محمد مصدق، على الموقع الالكتروني:
https://www.marefa.org/%D9%85%D8%AD%D9%85%D8%AF_%D9%85%D8%B5%D8%AF%D9%82

4. Fakhreddin Soltani and Jayum Anak Jawan, Compassionate Conservatism VS Bush Doctrine, at the site;
https://www.researchgate.net/publication/50946003_Compassionate_Conservatism_VS_Bush_Doctrine
5. Simon Bromley, Blood for oil?, at the site;
https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/13563460600841066
6. Enayatollah Yazdani and Rizwan Hussain, United States' Policy towards Iran after the Islamic Revolution, at the site;
https://journals.sagepub.com/doi/abs/10.1177/002088170604300302
7. Fernando Delarosa, Afghan war’s deadliest month takes heavy toll at Fort Lewis, at the site;
https://www.seattletimes.com/seattle-news/afghan-wars-deadliest-month-takes-heavy-toll-at-fort-lewis/
8. Iran and America timlin e relations, at the site;
https://www.nytimes.com/search?query=Iran%20and%20America%20timlin%20e%20relations
9. Ishaan Tharoor, The key moments in the long history of U.S.-Iran tensions, at the site;
https://www.washingtonpost.com/news/worldviews/wp/2015/03/31/the-key-moments-in-the-long-history-of-u-s-iran-tensions/?utm_term=.27f94bf6e89d
10. Rick Gladstone, Should We Be Anticipating War With Iran? No, but It Could Get Nasty, at the site;
https://www.nytimes.com/2018/07/23/world/middleeast/iran-us-conflict-explainer.html
11. Iranian news agency Fars reports Onion article on Ahmadinejad as actual news, at the site;
https://www.theguardian.com/world/us-news-blog/2012/sep/28/iran-fars-reports-onion-article-ahmadinejad
12. Sam Meredith, US crude sanctions against Iran could make maintaining the world’s oil supply ‘very challenging,’ IEA says, at the site;
https://www.cnbc.com/2018/08/10/iea-report-iran-sanctions-could-make-maintaining-the-worlds-oil-supp.html
13. Anthony Zurcher, Three reasons behind Trump ditching Iran deal, at the site;
https://www.bbc.com/news/world-us-canada-43902372
14. Is the Iran nuclear deal about to collapse?, at the site;
https://www.bbc.com/news/world-middle-east-43888265
15. Alasdair Sandford, What will change after US sanctions on Iran come into force?, at the site;
https://www.euronews.com/2018/08/03/what-will-change-after-us-sanctions-on-iran-come-into-force-
16. SUZANNE MALONEY, The Roots and Evolution of Iran’s Regional Strategy, at the site;

http://www.atlanticcouncil.org/publications/issue-briefs/the-roots-drivers-and-evolution-of-iran-s-regional-strategy
17. Michael Makovsky, Commentary: Beyond sanctions, how the U.S. can pressure Iran, at the site; https://www.reuters.com/article/us-makovsky-iran-commentary/commentary-beyond-sanctions-how-the-u-s-can-pressure-iran-idUSKCN1IU242
18. Suzanne Maloney, THE ECONOMICS OF INFLUENCING IRAN, at the site; https://www.brookings.edu/wp-content/uploads/2016/06/201003_economic_pressure_iran_maloney.pdf
19. Saeid Naji and Jayum A. Jawan, US-Iran Relations in the Post-Cold War Geopolitical Order, at the site; http://www.ccsenet.org/journal/index.php/ass/article/view/10254
20. Robin Wright, U.S. vs. Iran: Cold War, Too, at the site; http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2007/07/27/AR2007072701694.html
21. Shaul Bakhash**,** The U.S. and Iran in Historical Perspective, at the site; https://www.fpri.org/article/2009/09/the-u-s-and-iran-in-historical-perspective/
22. Nihat Ali Özcan and Özgür Özdamar, Iran's Nuclear Program and the Future of U.S.-Iranian Relations, at the site; http://mepc.org/irans-nuclear-program-and-future-us-iranian-relations
23. Saeid Naji and Jayum A. Jawan, US-Iran Relations in the Post-Cold War Geopolitical Order, at the site; https://www.researchgate.net/publication/268262456_US-Iran_Relations_in_the_Post-Cold_War_Geopolitical_Order
24. JOHN H. CUSHMAN JR, ATTACK ON THE STARK: ANSWERS TO KEY QUESTIONS ARE BEGINNING TO EMERGE, at the site; https://www.nytimes.com/1987/05/21/world/attack-on-the-stark-answers-to-key-questions-are-beginning-to-emerge.html?src=pm
25. SEYMOUR M. HERSH, U.S. Secretly Gave Aid to Iraq Early in Its War Against Iran, at the site; https://www.nytimes.com/1992/01/26/world/us-secretly-gave-aid-to-iraq-early-in-its-war-against-iran.html
26. U.S. Involvement In the Iran-Iraq War, at the site; http://www.lancaster.k12.oh.us/userfiles/353/Classes/617/Iran-Iraq%20War.pdf
27. TIMELINE-U.S.-Iran relations from 1953 coup to 2016 sanctions relief, at the site; https://www.reuters.com/article/iran-nuclear-usa-timeline/timeline-u-s-iran-relations-from-1953-coup-to-2016-sanctions-relief-idUSL2N1500R1
28. Sebastian Whale, Timeline of tensions between Iran and the United States, at the site; https://www.telegraph.co.uk/news/worldnews/middleeast/iran/11216584/Timeline-of-tensions-between-Iran-and-the-United-States.html
29. Iran, the United States and a Political Seesaw, at the site; https://archive.nytimes.com/www.nytimes.com/interactive/2012/04/07/world/middleeast/iran-timeline.html#/#time5_227
30. Dual containment, at the site; https://en.wikipedia.org/wiki/Dual_containment
31. Stephen Collinson and Clare Foran, John McCain halts treatment for brain cancer, family says, at the site; https://edition.cnn.com/2018/08/24/politics/john-mccain-cancer-treatment/index.html
32. Emily Commander, Iran sanctions: their impact at home and abroad, at the site; http://www.euronews.com/2018/05/08/iran-sanctions-their-impact-at-home-and-abroad
33. The impact of Iran sanctions - in charts, at the site;

https://www.bbc.com/news/world-middle-east-44052734

34. US-Iran Relations Still Feel Impact of Islamic Revolution, at the site; https://www.voanews.com/a/a-13-2009-02-06-voa22-68768482/410770.html

35. Iran hostage crisis, at the site; https://www.britannica.com/event/Iran-hostage-crisis

36. US-Iran relations since 1979: timeline, at the site; https://www.theguardian.com/world/2008/jul/16/iran.usa2

37. Key Events in the 1953 Coup, at the site; https://archive.nytimes.com/www.nytimes.com/library/world/mideast/041600iran-coup-timeline.html?scp=1&sq=mossadegh%252520coup&st=cse

38. Mahmood Monshipouri, Politics and Foreign Policy of Iran, at the site; http://www.oxfordbibliographies.com/view/document/obo-9780199743292/obo-9780199743292-0169.xml?fbclid=IwAR2k1nismVJ7mRXS2itSE0RBReYljUJqtPz_C5Oeii_YIM22yitTfuCzs_I

39. Stephen McGlinchey, How the Shah Entangled America, at the site; https://nationalinterest.org/commentary/how-the-shah-entangled-america-8821?fbclid=IwAR2C_DGnmjkE2VbCM1DBuR6fd4ZzVShtNaTphD9XGhNcdEezb16dfmbtAhc

40. Prior to the fall of the Shah in the late 1970's, Iran was an American ally, at the site; https://www.strausscenter.org/hormuz/u-s-iran-relations.html?fbclid=IwAR3bIqmBmaRZU-626NHMRxyeXZ4W_9ZRT4BN2rMBxJpnHDPJU5oJ6vH6Jpw